# دۆسیە نامۆیەکەی دکتۆر جێکل و بەڕێز هاید

نووسەر: ڕۆبرت لویس ستیڤنسن



وەرگێڕان: ئالان محەممەد

## پێشەکی:

**بە ناوی خودا چیرۆکی ( دۆسیە نامۆیەکەی دکتۆر جێکڵ و بەڕێز هاید ) بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی نووسەری بەناوبانگ ( ڕۆبرت لویس ستیڤنس ) دادەنرێت کە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری و کەلتوور و کۆمەڵگای جیهانی هەبووە، هاوکات لەگەڵ ئەمانە کاریگەری لەسەر سینەماش هەبووە بەوەی کە چەندین زنجیرە و فیلمی ناوازەی لێ دروست کراوە کە ئەم چیرۆکە سەرچاوە بووە بۆ ئەو کارە هونەرییانە.**

**ئەوەی کە ئەم چیرۆکە جیا دەکاتەوە لە بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە مەزنە و نووسەرەکانی تریش، ئەوەیە کە بە تەواوی گیرۆدەی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە دەبیت و هەمیشە تامەزرۆی ڕووداوە یەک لە دوایەکەکان دەبیت و هەروەها بەڕاستی ناخی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان دەردەخات و وا دەکات تۆی خوێنەریش گومان لە ناخ و مرۆڤ بوونی خۆت بکەیت.**

**بە هیوای چێژ بینین.**

# (دۆسیە نامۆیەکەی دکتۆر جێکڵ و بەڕێز هاید)

## نووسەر: ڕۆبرت لویس ستیڤنسن

## وەرگێڕان: ئالان محەمەد

## بەشی یەکەم: چیرۆکی دەرگایەکە

دەگوترا کە بەڕێز (ئاترسن) بە پێچەوانەی زۆربەی پارێزەرەکانی تر، کەسێکی زۆر هێمن و بێ دەنگ بوو. هەمیشە حەزی دەکرد گوێ لە خەڵک بگرێت و یارمەتیان بدات. کەسێک نەبوو کە لەخۆبایی بێت و بەسەر شان و باڵی خۆیدا هەڵبدات، بەڵکو کەسێک بوو کە کەم قسەی دەکرد و لای دەوروبەری جێی ڕێز بوو. بریکارەکانی بریتی بوون لە کەسانی تاوانبار کە پێشێلی یاسایەکانی کۆمەڵگەیان دەکرد، بەڵام بەڕێز (ئاترسن) هەرگیز خۆی لەو جۆرە کاروبارانە هەڵنەدەقورتاند و تەنیا کاری خۆی ئەنجام دەدا. کاری ئەو تەنیا بریتی بوو لە ڕێکخستنی کاری ماددی و ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە دەربارەی وەسیەتەکانی خەڵک. هەرگیز خۆی تووشی هیچ جۆرە حاڵەتێکی ناهەموار نەدەکرد، واتا ژیانێکی ڕێک و هاوسەنگی هەبوو. لەو کەسانە بوو کە خۆی دوور دەخستەوە لەو شتانەی کە جێی سەرنجن، چونکە ڕقی لە گۆڕانکاری بوو و هەرگیزیش کاتەکانی خۆی بۆ هیچ کەسێک نەدەگۆڕی. بەڕێز (ئاترسن) زۆر حەزی بە شانۆ دەهات، کەچی ماوەی ٢٠ ساڵ بوو کە سەیری شانۆی نەکردبوو. هاوکات حەزیشی بە یاری (برێدج) دەهات بەڵام هەرگیز نەیکردبوو. بۆیە کەسانێکی زۆری دەوروبەری ئەویان بە کەسێکی سارد و دڵتەنگ و نامۆ هەژمار دەکرد. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش ئەوا جێی ڕێز و خۆشەویستی بوو لای هاوڕێیەکانی و ئەویان بە کەسێکی سەرنجڕاکێش و باش هەژمار دەکرد. کەسێک بوو کە هەمیشە گوێی بۆ دەوروبەری دەگرت و ئامۆژگاریان دەکرد، هەرچی ئەوی ناسیبا، ئەوا بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی هەژمار دەکرد. ناسیاوەکانی یان خزمی بوون یان ئەو کەسانە بوون کە ماوەی چەندین ساڵە دەیانناسی و هەرگیزیش بە دوای هاوڕێی تازەدا نەدەگەڕا.

## بەشی دووەم: چیرۆکی (ئێنفیلد)

دواتر بەڕێز (ئێنفیلد) وەڵامی دایەوە و گوتی: " ڕووداوەکە لێرە ڕوویدا!
شەوێکیان دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە و دونیا زۆر تاریک بوو، تەنانەت ڕووناکی مانگیش دیار نەبوو تاکو ڕێگام ڕۆشەن بکاتەوە، تاکە شتێک کە وای کرد بەردەمم ببینم بریتی بوو لە ڕووناکییە کزەکانی شەقام. درۆ ناکەم کاتێک دەڵێم تۆزێک ترسابووم! چونکە شتێکی ناخۆشە بەم شەوە تاریکە بە تەنیا بە ڕێگایەکدا بڕۆیت. ئەو شەوە وامزانی تەنیا من لەو شەقامەدا دەڕۆم، بەڵام هەڵەبووم و دوو کەسی تریشم بینی کە بەوێدا دەڕۆیشتن. یەکێکیان پیاوێکی کورتە باڵای قەمبور بوو، زۆر بە خێرایی بە ڕێگادا دەڕۆیشت، ئەوی تریشیان کچێکی بچووکی هەشت یان نۆ ساڵان بوو کە بەو شەقامەدا دەڕۆیشت کە من پێیدا دەڕۆیشتم. دواتر کچەکە دەستی کرد بە ڕاکردن و خۆی بەو پیاوەدا کێشا، کاتێک بەر پیاوەکە کەوت ئەوا بەربۆوە و کەوتە سەر زەوی، بەڵام پیاوەکە سەرنجی نەدایە و پێی لە قاچی نا و هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. دواتر کچەکە دەستی کرد بە گریان و هاوار، بەڵام ئەو پیاوە هەر بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن و تەنانەت ئاوڕێکیشی لێ نەدایەوە! بەڕاستی دیمەنێکی قێزەون و سامناک بوو.
کاتێک ئەمەم بینی ئەوا بەرگەم نەگرت و بە دوای ئەو کەوتم، هاوارم کرد و بە توڕەییەوە بانگم کرد! دواتر قۆڵی ئەوم گرت و وەستاندم، دوای ئەوەی کە گرتم هیچ هەوڵێکی بەرەنگاربوونەوەی نەدا، بەڵکو لە ڕاستیدا زۆر هێمن بوو و دیار بوو کە لای گرنگ نەبووە چی ڕوویداوە. بەڵام دواتر بە شێوەیەک سەیری کردم کە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، تێڕوانینێکی سامناکی هەبوو. دوای ئەوە کە گرتم و بردم بۆ لای کچەکە، خانەوادەی کچەکە هاتنە دەرەوە. ئەم کچە بۆیە لە دەرەوە بوو تاکو بانگی پزیشک بکات، ئەوە بوو کە دواتر بە هۆی ئەم پیاوەوە کەوتە سەر زەوی و ئازاری پێگەیشت". سوپاس بۆ خوا کە ئەو پزیشکەی کە کچەکە بانگی کرد زۆر زوو گەیشت، کچەکەی پشکنی و گوتی هیچ برینێکی مەترسیداری نییە، تەنیا ئەوەیە کە زۆر ترساوە. دوای ئەوە شتێکم بینی کە زۆر لام سەیر بوو، ئەویش ئەوە بوو کە پزیشکەکە بە چاوێکی پڕ لە ڕق و کینەوە سەیری ئەو پیاوەی دەکرد. سەرەتا وامزانی پزیشکەکە ئەو پیاوە دەناسێت، بەڵام لە ڕاستیدا یەکەم جار بوو کە چاوی پێکەوتبوو. دواتر زانیم کە هۆکاری ئەو ڕق و کینەیە چییە، ئەو پیاوە ڕووخسارێکی هەبوو کە وایدەکرد هەر کەسێک چاوی پێکەوتبا، ئەوا ڕقی لێ دەبۆوە و بە کەسێکی قێزەون و خراپی دەزانی.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) پرسیاری کرد: "ئەی دواتر چیت کرد؟ ئایا پۆلیست ئاگادار کردەوە؟"
بەڕێز (ئاترسن) زۆر لە چیرۆکەکە قووڵ بۆوە و زۆریشی لا گرنگ بوو کە بزانێت ڕووداوەکانی دواتر چی بوون و ئەم پیاوە چ پەیوەندیەکی بەم خانووە چۆڵکراوە هەیە؟
دواتر بەڕێز (ئێنفیلڵد) وەڵامی دایەوە: ڕێگایەکی ترمان تاقیکردەوە، بەومان گوت کە ئەم ڕووداوە بۆ هەموو دانیشتووانانی "لەندەن" باس دەکەین و کەسایەتی لە کەدار دەدەین.
چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد کە بەم هەڕەشەیە بترسێت و داوای لێبووردن بکات، بەڵام ئەوەی گوتی ئەوە نەبوو کە چاوەڕێمان دەکرد بیڵێت.
پیاوەکە بە هێمنی لە وەڵامدا گوتی: "پێویست ناکات پیاوێکی خانەدان ئەم هەموو هەرایە بنێتەوە".
دوای ئەم قسەیە بە شێوەیەکی سامناک و قێزون زەردەخەنەی کرد و گوتی: "چەندت دەوێت تاکو ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین؟"



دوای چەند خولەکێک لە بیرکردنەوە، خانەوادەی کچەکە ڕازی بوون کە "سەد پاوەند" وەکو قەرەبوو وەرگرن. من و پزیشکەکە بڕیارماندا کە لەگەڵ ئەو بڕۆین بۆ ئەوەی پارەکە بهێنێت، ئێمەی هێنا بۆ ئەم خانووەی کە ئێستا دەیبینیت. بۆ چەند خولەکێک ڕۆیشت بۆ ژوورەوە و دواتر کە هاتە دەرەوە چەکێکی پارەی "سەد پاوەند"ی لەگەڵ خۆی هێنا.
کاتێک سەیری چەکەکەم کرد سەرم زۆر سووڕما، چونکە ناوی کەسێکی ناوداری ناو کۆمەڵگای لەسەربوو. منیش گوتم کە ئەمە یان ساختەیە یان ئەوەتا بە ڕێگەیەکی نایاسایی بەدەستت هێناوە. ئەوی بە پێکەنینەوە گوتی: "خەمت نەبێت، ئەوە ساختە نییە، حەز دەکەیت سبەی پێکەوە دەچین بۆ بانک و پارەکە ڕادەکێشین، دڵنیابە کە ساختە نییە". من و پزیشکەکە بڕیارماندا کە ئەو پیاوە بهێنین بۆ ماڵی ئێمە و چاوەڕێ بکەین تاکو بانکەکان دەکرێنەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێمان کرد و زۆر ماندوو بووین، هیچ لەم سێیەمان قسەمان نەکرد و پیاوە نامۆیەکەش تەنیا سەیری دوکەڵکێشەکەی دەکرد.
دواتر بەیانی داهات و ڕۆیشتین بۆ یەکێک لە بانکەکان تاکو پارەکە ڕاکێشین، بە یەکێک لە کارمەندەکانی بانکم گوت کە سەیری ئەم چەکە بکات تاکو بزانێت ساختەیە یان نا، سەرم سووڕما کاتێک کارمەندەکە پێی گوتم کە ئەم چەکە ساختە نییە!
دوای بیستنی ئەمە، بەڕێز (ئاترسن) سەری ڕاوەشاند و زۆر پێی ناخۆش بوو.
بەڕێز (ئێنفیلد) بە بەڕێز (ئاترسن)ی گوت: دیارە تۆش وەکو من زۆر ناڕەحەت بوویت بە هۆی ئەم ڕووداوەوە. ئەو پیاوەی بینیم کەسێکی زۆر قێزەون و خراپ بوو، هیوادارم هەرگیز چاومان بەو پیاوە نەکەوێتەوە.
دواتر بەڕێز (ئێنفیلد) گوتی: ناوی پیاوێکی خانەدان و بەڕێزی ناو کۆمەڵگا لەسەر ئەو چەکە بوو. نازانم ئەو پیاوە چ نهێنییەکی ئەو پیاوە خانەدانە دەزانێت تاکو ئەوا هەڕەشەی لێ بکات، لەوەتەی ئەو شەوەوە، من ناوم لەم خانووە ناوە "خانووی هەڕەشە".
دواتر بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا دڵنیایت کە ئەو پیاوەی کە چەکەکەی نووسیبوو لەم خانووەدا دەژیت؟"
بەڕێز (ئێنفیلد) لە وەڵامدا گوتی: نەخێر، وابزانم لە ناوچەیەکی شەقامی " سوهو " دەژیت. جار جار چاودێری ئەم خانووە دەکەم بۆ ئەوەی بزانم چ شتێک ڕوو دەدات، بەڵام ناتوانیت بڵێیت کە خانووە چونکە هیچ پەنجەرەیەکی نییە و جگە لەم پیاوە کە جار جار دێت، ئەوا کەسی تر نایەت. تێبینی ئەوەم کرد کە زۆر جار دوکەڵ لە دوکەڵکێشەکە دێتە دەرەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە کەسێک لێرە دەژیت.

دوای گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، بەڕێز (ئاترسن) و (ئێنفیلْد) بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن، لە ڕێگای گەڕانەوەدا بەڕێز (ئاترسن) هزری هەر لەسەر ڕووداوەکە بوو و لە بەڕێز (ئێنفیلْد)ی پرسی: "ئایا دەتوانیت ناوی ئەو کەسەم پێ بڵێیت کە پێی لە کچە نا؟"
بەڕێز (ئێنفیلْد)یش لە وەڵامدا گوتی: "باوەڕ ناکەم گوتنی ناوی ئەو کێشە بێت، ناوی بەڕێز (ئێدوارد هاید) بوو".
دواتر بەڕێز (ئاترسن) زۆر بە خێرایی هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی، دیار بوو کە پێشووتر ئەو ناوەی بیستبوو، دواتر گوتی: "ئایا دەتوانیت ئەو پیاوەم بۆ وەسف بکەیت؟"
بەڕێز (ئێنفیلْد)یش لە وەڵامدا گوتی: کەسێک نییە کە بتوانم بە ئاسانی وەسفی بکەم، نازانم چۆن وەسفی بکەم، کاتێک بینیم، ڕق و کینەیەکی زۆرم بەرامبەر هەڵگرت. بەڕاستی کەسێکی خراپ و قێزەون بوو. بەڵام ئەوە دەتوانم بڵێم کە چی پۆشی بوو. جلوبەرگەکەی لەچاو قەبارەی خۆی گەورە بوون و کڵاوێکی درێژی لەسەر بوو و هەروەها شاڵێکیشی لەبەربوو.
ناتوانم وەسفی بکەم، نەک وەکو بڵێی کە شێوەی ئەوم لەبیر کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە نازانم دەربارەی ئەو پیاوە بڵێم چی.
دواتر بەڕێز (ئاترسن) پرسیاری لە بەڕێز (ئێنفیلْد) کرد: "ئایا دڵنیایت کە ئەو کلیلی لابوو؟"
بەڕێز (ئێنفیلْد)یش لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ!"
بەڕێز (ئاترسن) بە بەڕێز (ئێنفیلْد)ی گوت: لات سەیر نەبێت کە ئەم پرسیارانە دەکەم، چونکە من پێشووتر ئەم ناوی (هاید)ەم بیستووە، ناتوانم باسی وردەکاریەکان بکەم، بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ناوی ئەم پیاوە لە چەندین تۆماردا هاتووە کە ئامادەی دەکەم بۆ دکتۆر (هێنری جێکڵ)ی هاوڕێم. بۆیە تکایە ئەگەر درۆ دەکەیت یاخود زیادەڕۆیی دەکەیت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، ئەوا تکایە هەر ئێستا پێم بڵێ!
بەڕێز (ئێنفیلْد)یش لە وەڵامدا گوتی: "هەرچی گوتم ڕاستی بوو!".
دیارە بەڕێز (ئێنفیلْد) ئەم قسەیەی بەڕێز (ئاترسن)ی کوڕە مامی زۆر پێناخۆش بوو، چونکە هەرگیز هیچ کەسێک گومانی لە قسەکانی ئەو نەکردبوو.
دواتر بەڕێز (ئێنفیلْد) لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: بەڕێز (هاید) کلیلەکەی هێشتا لایە، بەر لە حەفتەیەک پێش ئێستا بینیم کە بەکاری هێنا. دوای بیستنی ئەمانە، بەڕێز (ئاترسن) بە تەواوی کەوتە ناو ئەم ڕووداوانەوە و بە بەردەوامی بیری لێ دەکردەوە، بەڵام نەیدەزانی چی بکات.

دواتر بەڕێز (ئێنفیلّد) گوتی: "ببورە کە باسی ئەم چیرۆکەم کرد، با بەڵێن بدەین کە هەرگیز باسی ئەم چیرۆکە نەکەینەوە".
ئەم قسەیە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە بەڕێز (ئاترسن) بە بیستنی ئەم چیرۆکە بە تەواوی هزری ڕۆیشت و نیگەران بوو.
دواتر (ئێنفیلّد) دەستی لەسەر شانی بەڕێز (ئاترسن)ی کوڕە مامی دانا و ویستی ئەوە بزانێت کە بەڕێز (ئاترسن) چی لەسەر بەڕێز (هاید) دەزانێت، بەڵام بەڕێز (ئێنفیلّد) دەیزانی کە بەڕێز (ئاترسن) حەز ناکات کەس دەربارەی شتی تایبەتی پرسیاری لێ بکات، بۆیە هیچی نەگوت. دوای ئەمە بەڕێز (ئاترسن) زۆر ئاسوودە بوو بەوەی کە بەڕێز (ئێنفیلّد) پرسیاری نەکرد. هەردووکیان تۆقەیان کرد و ڕێککەوتن تاکو جارێکی تر باسی ئەم بابەتە نەکەنەوە و هەردووکیان بەرەو ماڵەوە بە بێ دەنگی گەڕانەوە.

## بەشی سێیەم: گفتوگۆکردن لەگەڵ دکتۆر (لانیۆن)

بەڕێز (ئاترسن) خووی وابوو کە شەوانی یەک شەممە پەرتووکێک بخوێنێتەوە و دواتریش بچێت بۆ ئەوەی بخەوێت. بەڵام ئەو شەوە مێشکی زۆر سەرقاڵ بوو بەو ڕووداوە، خواردنێکی باشی نەخوارد و تۆزێک حاڵی تێکچوو. دواتر ڕۆیشت بۆ ئەوەی سندووقێک بهێنێت بۆ ئەوەی تۆمارەکان بهێنێتە دەر کە تایبەت بوون بە وەسیەتی خەڵک.
بەڕێز (ئاترسن) بە دوای وەسیەتێکی دیاریکراودا دەگەڕا کە هی دکتۆر (هێنری جێکڵ)ی هاوڕێی بوو. لە وەسیەتەکەی دکتۆر (جێکڵ)دا هاتبوو ئەگەر بۆ ماوەی سێ مانگ زیاتر ون بوو یاخود مرد، ئەوا پێویستە هەموو سەروەت و سامانەکەی بدرێت بە بەڕێز (هاید).
بەڕێز (ئاترسن) بە هۆی ئەمەوە دەمەقاڵێیەکی زۆری لەگەڵ دکتۆر (جێکڵ) کرد و گوتی چۆن دەبێت ئەو هەموو سەروەت و سامانە بە پیاوێک بدرێت؟
بەڕێز (ئاترسن) هیچ شتێکی دەربارەی بەڕێز (هاید) نەدەزانی، تاکو ئەو ساتەی بەڕێز (ئێنفیلّد)ی کوڕە مامی باسی کرد. بەڕێز (ئاترسن) زۆر نیگەران بوو دەربارەی وەسیەتی هاوڕێیەکی، بە تایبەتی نیگەرانی ئەو بڕگەیە بوو کە نووسرابوو: " ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ ون بووم ".

ئەمە بە تەواوی ئەوی نیگەران کرد، لە مێشکی خۆیدا دەیگوت: "بۆچی دەبێت دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی ئەمەی لە وەسیەتەکەیدا نووسیبێت؟ ئایا پێشبینی ئەوە دەکات کە ون بێت؟" دوای ئەمە بە دڵێکی پڕ لە غەمبینەوە تۆمارەکانی بۆ ناو سندووقەکە گەڕاندەوە و زۆریش نیگەرانی هاوڕێ ئازیزەکەی بوو.

ئەو شەوە بەڕێز (ئاترسن) نەیتوانی بخەوێت، بۆیە باڵتۆیەکەی لەبەرکرد و ڕۆیشت بۆ "گۆڕەپانی کافندیش" کە دکتۆر (لانیۆن)ی هاوڕێی لەوێ دەژیت. بەڕێز (ئاترسن) لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر هیچ کەسێک بەڕێز (هاید) نەناسێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دکتۆر (لانیۆن) دەیناسێت". بۆیە وای گوت چونکە بەڕێز (ئاترسن) دەیزانی کە دکتۆر (لانیۆن) و دکتۆر (جێکڵ) دوو هاوڕێی زۆر ئازیزن، بۆیە بەڕێز (ئاترسن) وای دانا کە دکتۆر (جێکڵ) شتێکی دەربارەی بەڕێز (هاید)ی بە دکتۆر (لانیۆن) گوتووە. هەر چەندە شایەنی باسیشە کە ئەم دوو هاوڕێ ئازیزە ماوەی چەندین ساڵە سەردانی یەکتریان نەکردووە بەڕێز (ئاترسن) گەیشتە بەردەم ماڵی دکتۆر (لانیۆن) و لە دەرگای دا.

دواتر دکتۆر (لانیۆن) دەرگای کردەوە و بەخێرهاتنی هاوڕێ کۆنەکەی کرد و گوتی: "ماوەیەکی زۆرە نەمبینیویت، ئەم هەموو ماوەیە زۆرە بۆچی سەردانت نەدەکرم؟

"دکتۆر (لانیۆن) پیاوێکی سپی پێستی قژ سوور بوو، کەسێکی تا بڵێیت چالاک بوو و هەمیشە دەم بە خەندەوە بوو. خانوویەکی جوان و ناوازەی هەبوو، هەروەها لەناو کۆمەڵگادا خاوەن پایەیەکی ئاشکرا بوو و هەمووان ڕێزیان لێ دەگرت. کەسێک بوو کە هەمیشە حەزی دەکرد لەگەڵ هاوڕێیەکانی بدوێت، کاتێک شتێکی خۆشیان بۆ ئەو دەگێڕایەوە، ئەوا بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنی کە تەنانەت دراوسێیەکانی دەوروبەریشی گوێیان لە دەنگی پێکەنینی ئەو بوو.

بۆ ماوەیەک ئەم دوو هاوڕێیە کۆنە باسی یادگارییەکانی ڕابردوویان دەکرد و دواتر لە گوزەرانی کاری یەکتریان پرسی، بەڕێز (ئاترسن) گوتی کە پیشەی پارێزەریەکەی باش بەڕێوە دەچێت و دکتۆر (لانیۆن)یش گوتی کە کاری پزیشکی ئەویش باش بەڕێوە دەچێت و دەیەوێت پاش ماوەیەک خۆی خانەنیشین بکات.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) باسی ئەوەی کرد کە بۆچی سەردانی دکتۆر (لانیۆن)ی کردووە و گوتی: "من و تۆ کۆنترین هاوڕێی (جێکڵ)ین".

دکتۆر (لانیۆن)یش گوتی: "ڕاست دەکەیت، بەڵام ماوەیەکی زۆرە نەمبینیوە".

بەڕێز (ئاترسن)یش پرسی: "بەڕاستیتە؟ وامزانی زۆر تێکەڵاون بەوەی کە هەردووکتان پزیشکن و چەندین خاڵی هاوبەشتان هەیە."

دکتۆر (لانیۆن)یش لە وەڵامدا گوتی: "پێشووتر زۆر تێکەڵاو بووین، بەڵام ئێستا ئەو تێکەڵاویەی جارانمان نەماوە. بەر لە دە ساڵ پێش ئێستا شەڕمان کرد چونکە(جێکڵ) وردە وردە ڕەفتارەکانی سەیر دەبوون و چەندین گریمانەی دادەنا کە لە ڕووی زانستییەوە متمانە پێکراو نەبوون، هەروەها لە ڕووی ئەخلاقیشەوە ڕێگەپێدراو نەبوون چونکە ئەو دەیهەویست ئامانجێکی مەترسیدار بەدەست بهێنێت".

دواتر دکتۆر (لانیۆن) دوای ئەم قسانە گوتی: "ئەو هاوڕێیەکی کۆنی ئازیزی منە، هیوادارم ژیانێکی خۆشبەخت و ئاسوودەی هەبێت، ئەوم خۆش دەوێت، بەڵام چیتر نامەوێت لە کارەکانی ئەو تێوەبگلێم."

بەڕێز (ئاترسن) ویستی بپرسێت کە هۆکاری ئەو شەڕە چی بووە، بەڵام نەیویست پرسیار لە بابەتی تایبەتی ئەو بکات.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) پرسیاری کرد کە ئایا ئەو کەسێک دەناسێت بە ناوی (هاید)؟

دکتۆر (لانیۆن)یش لە وەڵامدا گوتی: "(هاید)؟ تاکو ئێستا ئەم ناوەم نەبیستووە".

بەڕێز (ئاترسن) بەم وەڵامە زۆر دڵتەنگ بوو چونکە ویستی زانیاریەک لەسەر (هاید) پەیدا بکات. هەروەها ئەوەی زیاتریشی بێزارکرد ئەوە بوو کە خودی خۆی لە ماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوودا زیاتر چاوی بە دکتۆر (جێکڵ) کەوتووە لەچاو دکتۆر (لانیۆن) کە ماوەیەکی زۆرە نەیبینیوە.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) خوداحافیزی لە دکتۆر (لانیۆن) کرد و گەڕایەوە بۆماڵەوە.

کە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە سەر جێگا بۆ ئەوەی بخەوێت، بەڵام مێشکی بەم ڕووداوە زۆر سەرقاڵ بوو و خەوی لێ نەکەوت.

هەر بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم پیاوە هەڕەشە لە دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی دەکات. هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات کە نهێنیەکەی ئاشکرا بکات، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم پیاوە هیچ و پووچە چۆن توانیویەتی لە کاتی نیوەشەودا (جێکڵ)ی هاوڕێی لە خەو هەڵسێنێت بۆ ئەوەی داوای چەکێکی سەد پاوەندی بکات؟!

بەڕێز (ئاترسن) زۆر توڕە بوو و بڕیاری دا کە چاوی بە بەڕێز (هاید) بکەوێت!

## بەشی چوارەم: گەڕان بە دوای بەڕێز (هاید)دا

دوای ماوەیەک، بەڕێز (ئاترسن) خووی وا بوو کە لە کاتی پشوودا سەردانی ئەو شەقامە بکات کە ئەو خانووەی لێبوو. ڕۆژانە چەندین جار دەڕۆیشت بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا کەس دەچێتە ناو ئەو خانووە یان نا، زۆرجاریش شەوان دووبارە سەردانی دەکردەوە، تاکە ئامانجی ئەو لەم کارە ئەوە بوو کە ڕووخساری بەڕێز (هاید) ببینێت.شەوێکیان بەختی گرت، مانگ بە دەرەوە بوو و ئاسمان سامالْ بوو، هەموو دوکانەکان داخرا بوون و هیچ کەسێکیش دیار نەبوو. بەڵام دوای ماوەیەک وردە وردە دەنگی پێی کەسێک دەهات، ئەو کەسە زیاتر نزیک دەبۆوە و دەنگی پێیەکانیشی گەورەتر دەبوو. تاکو ئەو ساتەی کە بەڕێز (ئاترسن) زانی کە ئەوە بەڕێز (هاید)ە. وەکو ئەوە بوو کە بەڕێز (ئینفیڵد)ی کوڕە مامی باسی کرد، کەسێک بوو کە کورتە باڵا بوو، جلەکانی لەبەر گەورە بوون و باڵتۆیەکی ڕەشی لەبەر بوو، کڵاوێکی درێژیشی لەسەر بوو.
بەڕێز (ئاترسن) سەرەتا وایزانی کە بەڕێز (هاید) شەلە، بەڵام لەڕاستیدا وا نەبوو، چونکە بەڕێز (ئاترسن) تێبینی ئەوەی کرد کە بەڕێز (هاید) بە شێوەیەکی چالاک و بەهێز بەڕێوە دەڕوات. بەڕێز (ئاترسن) بینی کە بەڕێز (هاید) کلیلێکی لایە و دەرگای ماڵەوەی پێ دەکاتەوە، لە کەسێک نەدەچوو کە بە دزی بچێتە ناو ماڵی خەڵک، بەڵکو لە کەسێک دەچوو کە دەچێتە ناو ماڵی خۆی. کاتێک بەڕێز (ئاترسن) زانی ئەوە بەڕێز (هاید)ە، ئەوا ڕۆیشتە لای و دەستی لەسەر شان دانا و گوتی: "تۆ بەڕێز (هاید)یت، وایە؟"
بەڕێز (هاید) بەمە تۆزێک شڵەژا، بەڵام زۆر بە خێرایی هێمن بۆوە. بێ ئەوەی سەیری بەڕێز (ئاترسن) بکات وەڵامی دایەوە و گوتی: "بەڵێ خۆمم، کێیت و بۆچی دەپرسیت؟"



بەڕێز ئاترسن وەڵامی دایەوە و گوتی: "من هاوڕێیەکی کۆنی دکتۆر (جێکڵ)م، ناوم (ئاترسن)ە، دڵنیام پێشووتر دکتۆر (جێکڵ) باسی منی بۆ تۆ کردووە. بەڕاستی جێی سەرسووڕمانە کە ئاوا بە ڕێکەوت یەکترمان بینی. بەڵام ئێمە دەزانین کە بەڕێز (ئاترسن) درۆ دەکات بەوەی کە ماوەیەکە چاودێری ئەو شوێنە دەکات.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئایا دەتوانم بێمە ژوورەوە؟"

بەڕێز (هاید) پرسیاری کرد و گوتی: "تۆ من چۆن دەناسیت؟" شایەنی باسە کە بەڕێز (هاید) هێشتا سەیری چاوەکانی بەڕێز (ئاترسن)ی نەکردبوو، بەڵکو تەنیا سەرنجی لەسەر شەقام و دەرگای ماڵەکەی بوو.

بەڕێز (ئاترسن) پرسیاری بەڕێز (هاید)ی پشتگوێ خست و ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە ناو ئەسڵی بابەتەکەوە. بەڕێز (ئاترسن) داوای لە بەڕێز (هاید) کرد کە ڕووخساری نیشان بدات.

بەڕێز (هاید) بۆ ساتێک بیری کردەوە و دواتر بە شێوازێکی زۆر خۆپەرستانە ڕووخساری خۆی نیشانی بەڕێز (هاید)دا.

بۆ چەند چرکەیەک سەیری یەکتریان کرد و دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "زۆرباشە، کە لە داهاتوودا چاوم پێکەوتیتەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتناسمەوە".

بەڕێز (هاید)یش لە وەڵامدا گوتی: "هەروەها منیش لە داهاتوودا تۆ بە ئاسانی دەناسمەوە".

دواتر بەڕێز (هاید) شتێکی تریشی گوت، گوتی: "ئەمەش ناونیشانی منە". ناونیشانی شەقامی "سوهو"ی پێدا کە یەکێک بوو لە مەترسیدارترین شەقامەکانی شاری "لەندەن".

بەڕێز (ئاترسن) بەمە زۆر نیگەران بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی، ئەوا ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکات کە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەروەت و سامانی دکتۆر (جێکڵ) بەدەست بهێنێت؟

سەرەڕای نیگەرانیەکەی، بەڕێز (ئاترسن) هەستی خۆی شاردەوە و سوپاسی بەڕێز (هاید)ی کرد کە ناونیشانەکەی پێدا. دواتر بەڕێز (هاید) پرسی: "کەوایە پێم بڵێ کە من چۆن دەناسیت؟"

بەڕێز (ئاترسن)یش لە وەڵامدا گوتی: "باسی تۆیان بۆ کردووم"

بەڕێز (هاید)یش پرسی: "کێ باسی منی کردووە؟"

بەڕێز (ئاترسن)یش وەڵامی دایەوە: "هاوڕێیەکی هاوبەش باسی تۆی بۆ من کردووە".

"ئەو هاوڕێ هاوبەشە کێیە؟" بەڕێز هاید پرسی.

بەڕێز (ئاترسن)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئێمە هاوڕێی هاوبەشمان زۆرن، بۆ نموونە دکتۆر (جێکڵ)". دوای بیستنی ئەمە، بەڕێز (هاید) بە شێوەیەکی قێزەون پێکەنی، هەڵبەتە ئەمە پێکەنینێک نەبوو بەو مانایەی کە دڵخۆش بێت، دیار بوو کە بە بیستنی ئەمە زۆر پەست بوو، بۆیە زوو دەرگایەکەی کردەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە بێ ئەوەی خوداحافیزی لە بەڕێز (ئاترسن) بکات.

## بەشی پێنجەم: ماڵی دکتۆر (جێکڵ)

بەڕێز (ئاترسن) بۆ ماوەیەک وەستا و دواتر ڕۆیشت. لە ڕێگادا هەر بیری لەو چاوپێکەوتنە دەکردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە مرۆڤ نییە!"
ڕۆیشت بۆ ماڵێک کە لەچاو خانووەکانی تر زۆر خاوێن و جوان بوو، بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت و دواتر لە دەرگای دا، خزمەتکارێک دەرگایەکەی کردەوە و بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئایا دکتۆر جێکڵ لە ماڵەوەیە، (پۆڵ)؟"
خزمەتکارە ڕێگەی بە بەڕێز (ئاترسن) دا تاکو بێتە ژوورەوە و گوتی کە بە دوای دکتۆر (جێکڵ)دا دەگەڕێت تاکو پێی بڵێت کە میوانی هەیە. دواتر ڕۆیشت بۆ ئەو ژوورەی کە خۆی زۆر حەزی پێدەهات، ژوورێکی زۆر جوان و ناوازە و خاوێن بوو، بەڕێز (ئاترسن) زۆر لەو ژوورەدا ئاسوودە بوو و زۆر جاریش لەو ژوورە کاتی خۆی لەگەڵ دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی بەسەر دەبرد. دڵی بەو ژوورە زۆر خۆش بوو، بەڵام ئەو شەوە هیچ خۆشحاڵ نەبوو، چونکە هەر بیری لە (هاید)ی هیچ و پووچ دەکردەوە.
دواتر (پۆڵ)ی خزمەتکار گەڕایەوە و گوتی: "داوای لێبووردن دەکەم، دیارە دکتۆر (جێکڵ) لە ماڵەوە نییە، لەوانەیە هێشتا هەر لە دەرەوە بێت."
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: بەڕێز (هاید)م بینی کە هاتە ناو ئەم ماڵە لە بەشی دواوەی، لە ڕێی تاقیگە کۆنەکە هاتە ژوورەوە، ئایا ڕێگەی پێدەدرێت لە کاتێکدا دکتۆر (جێکڵ) لە ماڵەوە نییە؟
خزمەتکارەکەش وەڵامی دایەوە: "بەڕێز (هاید) کلیلی لایە"
بەڕێز (ئاترسن)یش لە وەڵامدا گوتی: "دیارە سەرۆکەکەت متمانەیەکی زۆری بە بەڕێز (هاید) هەیە، وایە؟"
خزمەتکارەکەش وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، متمانەیەکی زۆری پێ هەیە، هەروەها فەرمانی کرد کە ڕێزێکی تەواوی لێ بگرین و ڕێگە بدەین کە بە ویستی خۆی بێت و بڕوات لە ڕێگەی تاقیگەکەوە" پێش چەند ساڵێک، دکتۆر (جێکڵ) ئەم خانووەی لە دکتۆرێکی تر کڕی، خاوەنی پێشووی تاقیگەکەیەکی لە بەشی دواوەی خانووەکە دروست کردبوو، تاقیگەیەکی قەتیس بوو کە هیچ پەنجەرەیەکی نەبوو، ئۆفیسێکی لەناو تاقیگەکەدا هەبوو، ئۆفیسێکی سەرنجڕاکێش بوو و دکتۆر (جێکڵ) زۆرجار لەوێ کاری خۆی بە هێمنی دەکرد.
لەم ژوورەدا چەندین ئاسەواری کۆنی تێدا جێهێشترا بوو، دکتۆر (جێکڵ)یش زۆر حەزی بەم شتانە دەکرد، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەو خانووەی کڕی بوو. شایەنی باسیشە کە حەوشەیەک هەبوو لە نێوان تاقیگەکە و خانووەکە.

**دواتر بەڕێز (ئاترسن) سوپاسی خزمەتکارەکەی کرد کە کاتی خۆی پێبەخشی، لەو ساتەدا بەڕێز (ئاترسن) بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا دەبێت ڕای (پۆڵ) چی بێت دەربارەی بەڕێز (هاید)؟ بەڵام نەیەویست پرسیار بکات چونکە دەیزانی هیچ ناڵێت بەوەی کەسێکی زۆر بەڕێز بوو و وەفایەکی زۆریشی بۆ سەرۆکەکەی هەبوو، بۆیە هەرگیز بە خراپە باسی سەرۆکەکەی نەدەکرد، لە ڕاستیدا هەموو خزمەتکارەکان وەفایەکی زۆریان هەبوو بۆ دکتۆر (جێکڵ) هەبوو چونکە هەمووان دەیانزانی کە کەسێکی زۆر بەڕێز و میهرەبانە.**

**دواتر بەڕێز (ئاترسن) بە خزمەتکارەکەی گوت: "هەر کە دکتۆر (جێکڵ) هاتەوە، ئەوا تکایە پێی بڵێ کە سەردانم کردووە".**

**خزمەتکارەکەش گوتی بەسەرچاو و ئیتر دواتر بەڕێز (ئاترسن) گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.**

**ئەو شەوە تەنیا بیری لەو بابەتە دەکردەوە، ئەو وەکو پارێزەرێک ئاگاداری تاوانی زۆر بوو، دەزانێت کە تاوانباران چییان کردبوو، بۆیە هەرگیز تێکەڵاویان نەدەبوو و تەنیا کاری خۆی ئەنجام دەدا. زۆر نیگەرانی ئەوە بوو کە بۆچی دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی کەسێکی خراپی لەم جۆرەی هێناوەتە ماڵی خۆی؟**

**لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئایا ئەو ئاگاداری ڕووداوی کچەکە نییە؟ ئایا نازانێت کە لە چ مەترسییەک دایە؟" هەڵبەتە بەڕێز (ئاترسن) لە قوڵایی دڵیەوە دەیزانی کە دکتۆر (جێکڵ) ئاگاداری کارە قێزەونەکانی بەڕێز (هاید)ە. بەڕێز (ئاترسن) زۆر نیگەرانی پەیوەندی نێوان دکتۆر (جێکڵ) و بەڕێز (هاید) بوو. هەمیشە دەیگوت کە دیارە دکتۆر (جێکڵ) لە ڕابردوودا کارێکی قێزەونی کردووە و (هاید)یش بەو کارەی دەزانێت و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات کە ئاشکرای بکات. شایەنی باسە کە خانەوادەی دکتۆر (جێکڵ) خانەوادەیەکی دەوڵەمەند بوون و (جێکڵ)یش هیچ کاتێک کێشەی پارەی نەبووە، ئەو تەنیا دەیهەویست خۆشی لە زانست ببینێت.**

**بەڕێز (ئاترسن) هەرچەندی بیری کردەوە نەیتوانی بیر لە شتێک بکاتەوە کە وا بکات ئابڕووی دکتۆر (جێکڵ) بەرێت و نەیزانی کە (هاید) هەڕەشەی چی لێ دەکات. ئەوەی زیاتریش نیگەرانی کرد ئەوە بوو کە دکتۆر (جێکڵ) لە وەسیەتەکەیدا هەموو شتێکی بۆ بەڕێز (هاید) جێهێشتبوو. بەڕێز (ئاترسن) نیگەرانی ئەوە بوو کە ئایا دەبێت بەڕێز (هاید) بە بوونی ئەو وەسیەتە بزانێت؟ ئەگەر بزانێت، ئەوا ئایا بەڕێز (هاید) هیچ شتێک دەکات بۆ ئەوەی خێرا سامانەکەی بەدەست بهێنێت؟**

**دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "خۆزگە (جێکڵ) هێشتبای یارمەتی بدەم" "بەڕاستی ئەمە دۆسیەیەکی نامۆ و قورسە!"**

## بەشی شەشەم: دکتۆر (جێکڵ)ی بێ باک

دوای دوو حەفتە، دکتۆر (جێکڵ) میوانداریيەکی ڕێکخست بۆ کۆمەڵە هاوڕێیەکی، بەڕێز (ئاترسن)یشی بانگێشت کردبوو بۆ ئەو میواندارییە. هەمووان دڵیان بە دکتۆر (جێکڵ) خۆش بوو چونکە کەسێکی ڕوو خۆش بوو و هەروەها ڕێزێکی زۆریشی لە میوانەکانی دەگرت. بەڕێز (ئاترسن) ئەو شەوە ویستی لای دکتۆر (جێکڵ) بمێنێتەوە و قسەی لەگەڵ بکات، بۆیە لای دوکەڵکێشەکە دانیشت تاکو هەموو میوانەکان ڕۆیشتن. دواتر دکتۆر (جێکڵ) لە بەرامبەر بەڕێز (ئاترسن) دانیشت و بە دەمێکی پڕ لە خەندە و خۆشییەوە قسەی لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکەی دەکرد.

دکتۆر (جێکڵ) پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵانی لاشە گەورە بوو، کەسێکی ڕوو خۆش بوو، هەمیشە سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا بە قسەکانی، بەڵام لەو ماوەیەدا زیاتر بە شێوەیەکی هێمن گوێی بۆ خەڵک دەگرت. شایەنی باسیشە کە ماوەی ساڵێک بوو کە زۆر گۆشەگیر بوو بوو و هاوڕێکانەی تانەی ئەوەیان لێ دەدا کە بە کەمی دەیبینن، پێشووتر حەفتەی جارێک دەیانبینی، بەڵام ئێستا بە چەند مانگێک بۆ جارێکیش بێت ئەوا نایبینن. بەڵام ئەو شەوە زۆر جیاواز بوو و دەمێکی پڕ لە خەندەی هەبوو.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) دەستی بە گفتوگۆکردن کرد و گوتی: "هاتووم بۆ ئەوەی دەربارەی وەسیەتەکە قسەت لەگەڵ بکەم".

دکتۆر (جێکڵ)یش گوتی: "بەڕاستی کەسم نەبینیوە کە ئاوا وەکو تۆ نیگەران بێت دەربارەی وەسیەتی من، جگە لە دکتۆر (لانیۆن)ی هاوڕێمان کاتێک هەموو گریمانەکانی منی ڕەتکردەوە بەوەی کە لە ڕووی زانستیەوە باوەڕ پێکراو نین، ئەو بەڕاستی منی نائومێد کرد".

بەڕێز (ئاترسن) دەیزانی کە ئەو دەیهەوێت خۆی لەم بابەتە بشارێتەوە، بۆیە گوتی: "زۆر باش دەزانیت کە من بەم وەسیەتە ڕازی نیم".

دکتۆر (جێکڵ)یش زۆر بە توڕەییەوە گوتی: "وەسیەتی من؟! بەڵێ دەزانم کە پێی ڕازی نیت!".

بەڕێز (ئاترسن) هەرگیز دکتۆر (جێکڵ) نەبینیبوو کە بەم شێوەیە توڕە ببێت.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) بەردەوام بوو لە قسە کردن و گوتی: "چەند زانیاریەکم دەربارەی بەڕێز (هاید) پەیداکردووە".

دکتۆر (جێکڵ) ڕەنگی پێستی سپی داهەڵگەڕا و گوتی: "وامزانی کە ڕێککەوتین تاکو جارێکی تر باسی ئەم بابەتە نەکەینەوە!".

بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئەوەی بیستم دەربارەی ئەو پیاوە زۆر سامناک و قێزەون بوو!" دکتۆر (جێکڵ) زۆر بێزار و توڕە بوو بەوەی کە بەڕێز (ئاترسن) خۆی لە کاروباری تایبەتی ئەو خۆهەڵدەقورتێنێت.

ئەمە خووی بەڕێز (ئاترسن) نەبوو، چونکە ئەو پارێزەرێکی ناوداری ناو کۆمەڵگا بوو، هەمووان ڕێزیان لێ دەگرت. کەسێک نەبوو کە خۆی لە کاروباری تایبەتی خەڵک هەڵبقورتێنێت. هەرگیز خۆی لە بریکارەکانی نزیک نەدەکردەوە، بەڵام دکتۆر (جێکڵ) تەنیا بریکارێکی سادە نەبوو، ئەو کۆنترین و خۆشەویسترین هاوڕێی ئەو بوو. بەڕێز (ئاترسن) بۆیە خۆیهەڵدەقورتاند چونکە نیگەرانی هاوڕێیەکەی بوو و دەیهەویست لەم کێشەیە ڕزگاری بکات.

دکتۆر (جێکڵ) هەر سووربوو لەسەر قسە نەکردن دەربارەی ئەو بابەتە و دواتر گوتی: "تۆ لێم تێناگەیت، ئەوە بابەتێکی زۆر سەیرە".

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "(جێکڵ)، تۆ ماوەی چەندین ساڵە دەمناسیت، دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت، بۆیە تکایە هەموو شتێکم پێ بڵێ".

دکتۆر (جێگڵ)یش گوتی: "دەزانم هاوڕێکەم، متمانە بە خۆم نەکەم، ئەوا متمانە بە تۆ دەکەم، بەڵام ئەمە شتێکی تایبەت بە منە، هەروەها هەر کاتێکیش حەزم لێبێت ئەوا دەتوانم (هاید) پشتگوێ بخەم و دووری بخەمەوە".

دوای گوتنی ئەمانە، دکتۆر (جێکڵ) بە چاوێکی پڕ لە توڕەییەوە سەیری چاوەکانی بەڕێز (ئاترسن)ی کرد. بەڕێز (ئاترسن) لە دڵی خۆیدا گوتی کە پێشووتر ئەم جۆرە سەیرکردنەی بینیوە، بەڵام نازانێت کەی و لە کوێ.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) بە کورسیەکەی هاتە پێشەوە و گوتی: "کەوایە لێت دەپاڕێمەوە کە بە زووترین کات ئەو پشتگوێ بخە و با چیتر هیچ جۆرە پەیوەندییەکت لەگەڵی نەبێت!".

بەڕێز (ئاترسن) ویستی ئارام ببێتەوە، بەڵام نەیتوانی چونکە زۆر نیگەرانی دکتۆر (جێکڵ) بوو. دکتۆر (جێکڵ)یش گوتی: سوپاس بۆ نیگەرانیت، بەڵام تکایە جارێکی تر باسی ئەم بابەتە مەکەوە".

دواتر بەڕێز (ئاترسن) ڕووی کردە دوکەڵکێشەکە و بیری کردەوە، دوای ئەمە گوتی: "قسەکانت هەمووی ڕاست و دروستن". بەڕێز (ئاترسن) زانی سوودی نییە کە لەسەر ئەم پێداگیریەی بەردەوام بێت و پێویستە متمانە بە هاوڕێیەکەی بکات، بۆیە هەستا و ڕۆیشت. پێش ئەوەی بەڕێز (ئاترسن) بڕوات، دکتۆر (جێکڵ) گوتی: "هیوادارم لە شتێک تێبگەیت، من زۆر گرنگی بە (هاید) دەدەم، پێویستم پێیەتی. پێی گوتم کە پێش دوو حەفتە لای دەرگای تاقیگەکە چاوتان بە یەک کەوتووە، ببورە ئەگەر ڕەفتارێکی نەشیاوی بەرامبەر تۆ نواندبێت، ئەو کەسێکی ڕەزا گرانە. بەڵام تکایە بەڵێنم پێ بدە کە پابەندی وەسیەتەکەم ببیت و ئەگەر ون بووم یان مردم، ئەوا هەموو سەروەت و سامانەکەم بدە بە (هاید).

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "هەرگیز حەزم بەو پیاوە نایەت"، هەروەها لە دڵی خۆیدا گوتی کە ئایا هەرگیز دەتوانێت هاوڕێیەکەی ڕزگار بکات؟ ئایا (جێکڵ)ی هاوڕێی بە تەواوی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی (هاید)ی نەفرەتی؟!
دکتۆر (جێکڵ) پاڕایەوە و گوتی: "تکایە، من هیچ شتێکی قورست لێ داوا ناکەم، تەنیا داوای دادپەروەری دەکەم، ئەگەر ون بووم، ئەوا تکایە وەسیەتەکەم جێبەجێ بکە". بەڕێز (ئاترسن) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە دڵێکی پڕ لە غەمگینەوە گوتی: "بەڵێن بێت کە وەسیەتەکەت جێبەجێ دەکەم".

## بەشی حەوتەم: ڕووداوی کوشتنی (کارۆ)

لەو ساڵەدا ڕووداوێکی سامناک ڕوویدا کە تەواوی هاوڵاتیانی (لەندەن)ی تۆقاند. سیاسەتمەداری بەناوبانگ (دانفرز کارۆ) لە لایان کەسێکەوە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە کوژرابوو. کەس وردەکاری ئەو ڕووداوە سامناکەی نەدەزانی. شەوی ڕووداوەکە یەکێک لە خزمەتکارەکانی دکتۆر (جێکڵ) ڕۆیشت بۆ ژووری خەوتنی و دواتر لە پەنجەرەکەیەوە سەیری دەرەوەی کرد،
خزمەتکارەکە گوتی کە ئەو شەوە ئاسمان زۆر ساماڵ بوو و مانگیش زۆر درەوشاوە بوو. دیمەنێکی زۆر جوان بوو تاکو ئەو ساتەی دوو پیاوی لە ڕێگای نزیک ماڵی دکتۆر (جێکڵ) بینی. دانەیەکیان پیاوێکی قژ سپی ڕووخۆش دیار بوو و پۆشاکێکی جوانی لەبەربوو، ئەوی تریشیان پیاوێکی کورتە باڵای ڕەش پۆش بوو، خزمەتکارەکە پیاوە کورتە باڵاکەی ناسیەوە چونکە چەندین جاری بینیبوی کە دەهات بۆ ماڵی دکتۆر (جێکڵ)، ئەوەی بینیبووی بریتی بوو لە بەڕێز (هاید).
خزمەتکارەکە بەردەوام بوو لە سەیرکردنی ئەو دوو پیاوە، دواتر بینی کە ئەو دووانە لای یەک وەستاون، خزمەتکارەکە وایزانی پیاوە قژ سپیەکە پرسیاری ناونیشانێک دەکات بەوەی کە کاغەزێکی پێ بوو و سەری بۆ دادەنواند. بەڵام بەڕێز (هاید) زۆر تووڕە دیار بوو و جووڵەی زۆر بە گۆچانەکەی دەکرد، پیاوە قژ سپیەکە هەنگاوێک کشایە دواوە و ویستی بەڕێز (هاید) ئارام بکاتەوە، بەڵام سوودی نەبوو، بەڕێز (هاید) بە گۆچانە قورسەکەیەوە کەوتە بەر گیانی (کارۆ) و خەڵتانی خوێنی کرد و کوشتی. خزمەتکارەکە بە بینینی ئەو دیمەنە لە هۆش خۆی چوو، دوای ئەوەی پاش چەند کاتژمێرێک بە هۆش خۆی هاتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشت بۆ لای پۆلیس.
پۆلیس سەرەتا نەیدەزانی کە ئەوە لاشەی کێیە، تەنیا تێبینی ئەوەیان کە نووسراوێکی پێبوو، ئەو نووسراوە ناوی بەڕێز (ئاترسن)ی لەسەر بوو و وا دیار بوو کە ئەو پیاوە ئەو نووسراوەی بۆ ئەو دەبرد.



**کاتێک پۆلیس ئەمەی بینی، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشتن بۆ لای بەڕێز (ئاترسن) و بەو نیوەشەوە لە خەو هەڵیانستاند بۆ ئەوەی ناسنامەی کەسە مردووەکە بزانن. بەڕێز (ئاترسن) لەگەڵ پۆلیس بۆ نەخۆشخانە ڕۆیشت بۆ ئەوەی بزانێت ناسنامەی ئەو کەسەی کە مردووە کێیە. یەکەم جار کە گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو، ئەوا وایزانی کە ئەوە دکتۆر (جێکڵ)ە کە کوژراوە.**

**بەڕێز (ئاترسن) سەرەتا زۆر ترسا و بوێری ئەوەی نەبوو کە سەیری لاشەکە بکات، چونکە دەترسا کە ئەوە لاشەی (جێکڵ)ی هاوڕێی بێت، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاریدا کە سەیری بکات.**

**دوای ئەوەی کە سەیری کرد، ناسنامەکەی بۆ دەرکەوت و گوتی: "بەداخەوە، ئەمە بەڕێز (دانفرز کارۆ)یە".**

**پۆلیسیش بە سەرسووڕماوییەوە گوتی: "مەحاڵە! بەیانی ئەم ڕووداوی کوشتنە لە هەموو ڕۆژنامەکانی شار بڵاو دەکرێتەوە!"**

**دواتر پۆلیس گوتی: "گەورەم، تکایە ئەگەر زانیاریت لایە کە کێ ئەم کارەی کردووە، ئەوا پێمان بڵێ". یەکێک لە ئەفسەرەکان باسی ئەو ڕووداوەی کرد کە خزمەتکارەکە بۆی گێڕابۆوە، باسی ئەوەی کرد کە چۆن بەڕێز (هاید) بە گۆچانەوە بەڕێز (کارۆ)ی خەڵتانی خوێن کرد.**

**بەڕێز (ئاترسن) بە بیستنی ئەمە تووشی شۆک بوو و گوتی: "(هاید)؟! گوتت (هاید)؟!"**

**سەری سووڕما کە کەسێکی تریش هەیە کە (هاید) دەیناسێت، دواتر بیری لەوە کردەوە کە لەوانەیە بەڕێز (هاید) دکتۆر (جێکڵ)یشی کوشتبێت.**

بەڕێز (ئاترسن) زۆر نیگەران بوو. ئەفسەرەکەش وەڵامی دایەوە و گوتی: "بەڵێ گەورەم، ئەمە ئەو گۆچانەیە کە تاوانەکەی پێ ئەنجام دراوە. بەڕێز (ئاترسن) کاتێک گۆچانەکەی بینی دووبارە تووشی شۆک بوو، چونکە ئەو گۆچانە بوو کە پێش چەند ساڵێک وەکو دیارییەک بە (جێکڵ)ی هاوڕێی دابوو.

بەڕێز (ئاترسن) گوتی کە لەوانەیە ئەوەی بە (هاید) بەخشی بێت یاخود (هاید) لێی دزیبێت، ئەمەی لای پۆلیس باس نەکرد چونکە نیگەرانی هاوڕێیەکەی بوو، زانی کە شاردنەوەی بەڵگە تاوانە، بەڵام گیانی هاوڕێیەکەی لا گرنگتر بوو. دوای ساتێک لە بیرکردنەوە، ئەو کارتی ناونیشانەی بیرهاتەوە کە (هاید) پێش ماوەیەک بەوی دابوو. بۆیە بەڕێز (ئاترسن) بە پۆلیسی گوت کە دەزانێت (هاید) لە کوێیە.

## بەشی هەشتەم: شوقەی بەڕێز (هاید)

بەڕێز (ئاترسن) پۆلیسی برد بۆ شوقەی بەڕێز (هاید) کە لە شەقامی " سوهو " بوو.

کاتژمێر " ٩ "ی بەیانی بوو، شەقامەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، بەڵام ئەو گەڕەکەی کە بەڕێز (هاید) لێی دەژیا چۆڵ بوو و دوکانەکان هەمووی داخرابوون.

بەڕێز (ئاترسن) لە دڵی خۆیدا دووبارە گوتی کە (جێکڵ)ی هاوڕێی چۆن دەبێت کەسێکی لەم جۆرە بناسێت؟ هەروەها گوتیشی کە ئەگەر بەڕێز (هاید) سەروەت و سامانی دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی بەدەست بهێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیهەوێت بەو پارەیە خانوویەک بکڕێت و لە شەقامی " سوهو " دوور بکەوێتەوە. پۆلیس ڕۆیشتە بەردەم ماڵی بەڕێز (هاید) و لە دەرگایان دا، دواتر ئافرەتێکی قژ سپی پیر دەرگایەکەی کردەوە.

پۆلیس پرسی کە ئایا ئەوە ماڵی بەڕێز (هاید)ە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ، بەڵام ئێستا لە ماڵ نییە، بەڵام دوێنێ شەو لێرە بوو، شایەنی باسە کە ئەمە یەکەم جارە لەم ماوەی ئەم مانگەدا ببینم".

ئافرەتەکە بە هاتنی پۆلیس زۆر شڵەژا، دواتر ویستی بزانێت کە بۆچی دەربارەی بەڕێز (هاید) پرسیار دەکەن، زانی کە شتێک ڕوویداوە و گوتی لەوانەیە تاوانێکی ئەنجام دابێت.

دواتر ئافرەتەکە گوتی: "بەڵام تەنیا بۆ یەک کاتژمێر مایەوە".

پۆلیسیش گوتی: "ئایا دەتوانین شوقەکەی ببینین؟"

ئافرەتە سەیری پۆلیسەکانی کرد و هەروەها سەیری پارێزەرەکەشی کرد و دواتر گوتی: "دەمزانی ڕۆژێک دادێت کە ئەم پیاوە کێشە دەنێتەوە، چی کردووە؟"

بەڕێز (ئاترسن) و پۆلیسەکان هیچیان نەگوت و داوایان لە ئافرەتەکە کرد تاکو بەرەو شوقەکە ڕێنوێنی بکەن. ئەوەی بەڕێز (ئاترسن)ی شۆک کرد ئەوە بوو کە ژوورەکەی بەڕێز هاید زۆر جوان و پاک و خاوێن بوو، چەندین تابلۆی وێنەکەشی ناودار لەسەر دیوارەکان هەڵواسرابوون و فەرشێکی جوانیش لەسەر زەوی ڕاکێشرابوو. چەندین کەرستەی هونەریش لە ژوورەکەدا هەبوون، بەڕێز (ئاترسن) زانی کە دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی دەستی هەبووە لە ڕێکخستنی ئەم ژوورە، چونکە دەیزانی کە دکتۆر (جێکڵ) هەمیشە حەزی بە کاری هونەری دێت. بەڵام ژوورەکە لە پشێویەکی تەواودا بوو. پۆلیس ژوورەکەیان بە وردی پشکنی و دەفتەری چەکی ئەویان دۆزیەوە، ئەمە بەڵگەیەکی باش بوو، چونکە بەمە دەیانتوانی ئەو قۆڵبەست بکەن هەرکاتێک ویستی پارە ڕاکێشێت، چونکە دەفتەرەکە هەموو زانیاریەکی بانکی بەڕێز (هاید)ی لەسەربوو.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "باوەڕ ناکەم کە بەڵگەیەکی ئاوا گرنگی لە دوای خۆی جێهێشتووە! دیارە زۆر بەپەلە بووە و ڕایکردووە. پۆلیسێکیش گوتی: "ئەوە گرنگ نییە، بەڵگەیەکی بەهێزمان دەستکەوتووە و بە دڵنیاییەوە بۆ سبەی دەیخەینە سووچی زیندان".
بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: هیوادارم ڕاست بکەیت، چونکە لە هەموو کەسێک زیاتر حەز دەکەم کۆتایی بەڕێز (ئێدوارد هاید) ببینم.

## بەشی نۆیەم: ڕووداوی نامەکە بەڕێز (ئاترسن)

دوای ئەوەی شوقەی بەڕێز (هاید)ی بینی، ئەوا بۆ شەوەکە سەردانی ڕۆیشت بۆ بینینی دکتۆر (جێکڵ). ڕۆیشتە بەردەم ماڵەکەی و لە دەرگای دا، (پۆڵ) دەرگایەکەی لێ کردەوە و بەخێرهاتنی کرد. بەڕێز (ئاترسن) گوتی کە دەیەوێت چاوی بە (جێکڵ) بکەوێت، بۆیە (پۆڵ) ئەوی ڕێنوێنی کرد بۆ تاقیگەکە کە (جێکڵ) لەوێ بوو. دواتر (پۆڵ) گوتی کە دکتۆر (جێکڵ) حاڵی زۆر خراپە، بەڵام کێشەی نییە کە تۆ ببینێت، بەڕێز (ئاترسن) ئەوەی لا سەیر بوو، چونکە کاتێک دەچوو بۆ تاقیگەکەی، ئەوا ڕازی نەدەبوو چاوی بە هیچ کەسێک بکەوێت.
(پۆڵ) گوتی: "دکتۆر (جێکڵ) فەرمانی پێکردم هەر کاتێک کە تۆ هاتیت، ئەوا دەبێت بتبەم بۆ لای ئەو، ئەگەر کەسێکی تر هاتبا ئەوا دوورم دەخستەوە، چونکە دکتۆر (جێکڵ) فەرمانی ئەمەشی پێکردم". کاتێک (جێکڵ) بەڕێز (ئاترسن)ی بینی، ئەوا هەڵنەستا و بەخێرهاتنی نەکرد، بەڵکو زۆر بە بێهێزی لای دوکەڵکێشەکە دانیشت. هەر کە (پۆڵ) ئەوانی جێهێشت، ئەوا (ئاترسن) گوتی: "هەواڵەکەم بیست". دکتۆر (جێکڵ) بە بیستنی ئەمە ئارەقەی کرد و زۆر شپرزە بوو، دواتر گوتی: "ئەم بەیانیە پۆلیس هات تاکو بزانێت کە چی دەربارەی (هاید) دەزانم".
بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "تۆ بەو ڕاددەیە شێت نیت تاکو بەرگری لێ بکەیت، وایە؟"
دکتۆر (جێکڵ) کە ئەمەی بیست، گریا و گوتی: "سوێند بەخوا جارێکی تر قسەی لەگەڵ ناکەمەوە و تێکەڵی نابم! سوێند بەخوا هەرگیز جارێکی تر هیچ شتێک دەربارەی ئەو نابیستینەوە! تەواو، هەموو شتێکی نێوانمان کۆتایی پێهات!" دوای بیستنی ئەمە، بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "دیارە زۆر دڵنیایت، باشە، متمانەت پێ دەکەم، بەڵام ئەگەر دۆسیەکە لە دژی ئەو دروستکرا، ئەوا دڵنیابە کە ناوی تۆشی تێدا دەبێت".
دکتۆر (جێکڵ) بە چاوێکی پڕ لە گریانەوە گوتی: "دڵنیابە کە ناگەڕێتەوە، ئەو نامەیەکی بۆ جێهێشتم، نازانم کە ئایا ڕادەستی پۆلیسی بکەم یان نا، بۆیە بە تۆی دەدەم، چونکە متمانەم پێیت و دڵنیام بڕیارێکی دروست دەدەیت". بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا ناترسیت کە ئەم نامەیە شوێنی (هاید) ئاشکرا بکات؟" بۆیە ئەمەی پرسی چونکە هێشتا گومانی لە (جێکڵ) هەبوو و بڕوای وابوو کە دەیهەوێت شوێنی ئەو بشارێتەوە. دکتۆر (جێکڵ) وەڵامی دایەوە و گوتی: "نەخێر! چیتر لام گرنگ نییە کە (هاید) چی بەسەردێت". دیار بوو کە ڕووداوی کوشتنی بەڕێز (دانفرز) دکتۆر (جێکڵ)ی زۆر دڵتەنگ و نیگەران کردبوو، دیاربوو کە هەستی بە تاوان دەکرد، چونکە ئەو (هاید)ی بۆ ئەم ناوچەیە هێنا بوو.

**دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "نامەکەم پێ بدە". لەناو نامەکە بە خەتێکی زۆر ناخۆش نووسرابوو کە (هاید) شاری "لەندەن"ی جێهێشتووە و هەرگیز ناگەڕێتەوە.**

**ئەمە بەڕێز (ئاترسن)ی زۆر نیگەران و توڕە کرد، چونکە دەیهەویست (هاید) بخاتە سووچی زیندانەوە. دواتر گوتی: "تکایە زەرفەکەشم پێ بدە".**

**دکتۆر (جێکڵ)یش گوتی: لام نەماوە، هزرم لەسەر خۆم نەبوو و سووتاندم، بەڵام هیچ مۆرێکی لەسەر نەبوو، بۆیە پۆلیس سوودی لێ نەدەبینی".**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئایا دەتوانم ئەم نامەیە لای خۆم بهێڵمەوە؟ دەمەوێت بیر لەوە بکەمەوە کە دواتر چی لێ بکەم".**

**دکتۆر (جێکڵ)یش گوتی: "کێشەم نییە، بیبە، ئێستا هەموو شتێک بۆ تۆ جێدێڵم تا چارەسەری بکەیت، چونکە متمانەم پێیت و خۆشم نازانم چی بکەم". دواتر بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا بیرۆکەی وەسیەتەکە بیرۆکەی ئەو بوو؟" دکتۆر (جێکڵ) تەنیا سەری سووڕاند.**

**بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "دەمزانی! ویستی تۆ بکوژێت و هەموو سەروەت و سامانەکەت بەرێت".**

**دکتۆر (جێکڵ) دووبارە سەری سووڕاندەوە و گوتی: بەم شێوەیە نییە (ئاترسن)، تۆ تێناگەیت، ئەوە شتێکی تایبەتی نێوان خۆم و (هاید) بوو، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە هەرگیز جارێکی تر پەیوەندی پێوە ناکەمەوە". دواتر سەری دانواند و وەکو منداڵێک گریا.**

**بەڕێز (ئاترسن) نەیدەویست هاوڕێ ئازیزەکەی بێزار بکات، بەڵام هەر بەردەوام بوو لەسەر پرسیارەکانی و گوتی: "(جێکڵ)، پێم بڵێ، ئایا هیچ هۆکارێک هەبوو تاکو (هاید) بەڕێز (دانفرز) بکوژێت؟ ئایا ئامانجی ئەو دزی بوو یان چی؟"**

**دکتۆر (جێکڵ) بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە گوتی: "نازانم". دواتر بەڕێز (ئاترسن) دکتۆر (جێکڵ)ی جێهێشت و ڕۆیشت بۆ لای (پۆڵ)،**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "تکایە وەسفی شێوەی ئەو کەسەم بۆ بکە کە ئەم نامەیەی هێناوە".**

**(پۆڵ)یش گوتی: "ببورە، ئەمڕۆ کەس نەهاتووە تاکو نامە بهێنێت".**

**بەڕێز (ئاترسن) بە بیستنی ئەمە شۆک بوو، دواتر بیری کردەوە کە دیارە نامەکەی لە ڕێگەی بن دەرگای تاقیگەکە داوە بە (جێکڵ).**

**بەڕێز (ئاترسن) لە هەمان کاتیشدا بیری لە شتێکی تریش دەکردەوە و دەیگوت: "باشە چۆن دەبێت (جێکڵ) خۆی ئەم نامەیەی وەرگرتبێت لە کاتێکدا حاڵی ئاوا خراپە؟"**

**(پۆڵ) گوتی: "گەورەم گوتی کە دوای هاتنی پۆلیس نامەکەی پێگەیشت". ئەوە مانای ئەوەیە کە (هاید) لە تاقیگەکە نامەکەی بە (جێکڵ) داوە و (جێکڵ)یش لەو ساتەدا لەگەڵی بووە.**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "کەوایە ئەوە مانای ئەوەیە کە (جێکڵ) درۆم لەگەڵ دەکات، چۆن متمانەی خۆی بە من دەبەخشێت لە کاتێکدا ڕاستیەکە بە من ناڵێت؟" بەڕێز (ئاترسن) بە سەر لێشێواوی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.**

## بەشی دەیەم: (ئاترسن) سەیری نامەکە دەکات

هەواڵی کوژرانی بەڕێز (دانفرز کارۆ) لە هەموو شاردا بڵاوبۆوە و هەمووان لەپڕ زانیان کە بەڕێز (ئێدوارد هاید) کێیە. لەو کاتەدا "لەندەن" بە تەواوی کەوتە ناوی تەمێکی چڕ کە هیچ کەسێک بەردەمی خۆی نەدەبینی، بەڕێز (ئاترسن) گوتی کە ئەم جۆرە کەش و هەوایە وەکو بیرکردنەوەی ئەو وایە، چونکە هیچ شتێکی لا ڕوون نییە و نازانێت چی بکات. دواتر یارمەتیدەری بەڕێز (ئاترسن) کە ناوی بەڕێز (جەست) بوو هاتە لای خودی (ئاترسن) و گوتی: "بەڕاستی ئەمە ڕووداوێکی قێزەونە".

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "ڕاست دەکەیت، ئەم پیاوە کە ناوی (هاید)ە بەڕاستی شێتە".

دواتر باسی بابەتەکەیان کرد و چەندین نهێنان درکاند دەربارەی ئەو بابەتە، ئەمە بە هۆی ئەوە بوو کە متمانەیەکی زۆریان بە یەکتری هەبوو.

بەڕێز (ئاترسن) باسی (هاید)ی کرد و هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی پەیوەندی بەو پیاوەوە هەیە. دواتر بەردەوام بوو و باسی وەسیەتە نامۆیەکەشی کرد، لە کۆتاییدا گوتی: "نامەیەکیشم لایە کە لە لایان بکوژەکەوە نووسراوە".

بەڕێز (جەست)یش گوتی: "ئایا دەتوانم سەیرێکی بکەم؟"

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: " فەرموو، ویستم تۆ ڕێنوێنیم بکەیت و ڕای خۆت دەربارەی ئەمە بڵێیت، چونکە تۆ شارەزاییەکی تەواوت هەیە لە هونەری دەستنووسیدا".

بەڕێز (جەست) بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری نامەکەی کرد، دواتر تەواو بوو و گوتی: "باوەڕ ناکەم ئەم پیاوە شێت بێت، بەڵام بەڕاستی شێوازێکی نووسینێکی سەیری هەیە". دواتر ئەو کەسەی کە نامەکان دێنێت قسەی ئەوانیان بڕی و نامەیەک لە لایان دکتۆر (جێکڵ) بە بەڕێز (ئاترسن) گەیشت.

بەڕێز (جەست) گوتی: "ئایا ئەمە نامەیەکە لە لایان دکتۆر (جێکڵ)ەوە؟" بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی بەڵێ، ئەمە بانگهێشت نامەیەکە لە لایان ئەوەوە.

بەڕێز (جەست) گوتی: "ئایا دەتوانم سەیرێکی ئەوەش بکەم؟"

بەڕێز (ئاترسن) نامەکەی دکتۆر (جێکڵ)یشی پێدا.

دواتر بەڕێز (جەست) بۆ ماوەیەک هەردوو نامەکانی بەراورد بە یەکتری کردن. بەڕێز (ئاترسن) پرسی کە بۆچی بەراوردیان دەکات؟

بەڕێز (جەست)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "لە ڕاستیدا لە ڕووی شێوە و جۆری نووسیندا زۆر لە یەک دەچن، تاکە جیاوازییەک بریتییە لە لاری نووسینەکە". بەڕێز (ئاترسن) کە ئەمەی بیست تووشی شۆک بوو. بەڕێز (جەست)یش وەکو بەڕێز (ئاترسن) تووشی شۆک بوو کاتێک بەم ڕاستیەی زانی.

بۆ ماوەیەک سەیری یەکتریان کرد و زانیان کە ئەمە ڕاستیەکی مەترسیدارە.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئەم نامەیە نیشانی کەس نادەم".
بەڕێز (جەست)یش گوتی: "تێدەگەم گەورەم".
دواتر ئەو شەوە بەڕێز (ئاترسن) نامەکەی لەناو قاسەی ماڵەکەی هاویشت و بیری کردەوە کە دکتۆر (جێکڵ) چۆن توانیویەتی نامە لەپێناو بکوژێکدا ساختە بکات؟! بەڕێز (ئاترسن) بە زانینی ئەم ڕاستیە زۆر شپرزە بوو و نەیزانی چی بکات.

## بەشی یازدەیەم: ڕووداوە سەیرەکەی دکتۆر (لانیۆن)

پۆلیس هەزارەها "جونەیهی" کردە خەڵات بۆ ئەو کەسەی کە بکوژی بەڕێز (دانفرز کارۆ) دەدۆزێتەوە، بەڵام کەس نەیزانی بەڕێز (هاید) لە کوێیە. ڕووداوی کوشتنی بەڕێز (دانفرز) لە هەموو شاردا بڵاوبۆوە و هەمووان باسی ئەوەیان دەکرد کە بەڕێز (هاید) بکوژێکی قێزەونە و پێویستە قۆڵبەست بکرێت. بەڕێز (ئاترسن) ئەم ڕووداوەی زۆر لا قێزەون بوو و هەمیشە بیری لە (هاید)ی نەفرەتی دەکردەوە. دواتر بەڕێز (ئاترسن) شتێکی سەیری بینی، ئەویش ئەوە بوو کە دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی دوای ئەم ڕووداوە دووبارە تێکەڵاوی خەڵک بوو و بانگهێشتی خەڵکی دەکرد بۆ میوانی، هەروەها لە ڕووی دینەوە زیاتر پابەند بوو بوو، ئەو هەمیشە کەسێکی خێرخواز بوو، بەڵام ماوەی ئەم دوو مانگە بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی کڵێسای دەکرد. دووبارە خەندە کەوتە سەر لێوەکانی و هەمووان هەستیان بە خۆشحاڵی ئەو کرد. شەوێکیان میوانیەکی ڕێکخست و بەڕێز (ئاترسن) و دکتۆر (لانیۆن)ی هاوڕێشی بانگهێشت کرد، هەردووکیان زۆر دڵخۆش بوون کە (جێکڵ)ی هاوڕێیان بەم شێوەیە دڵخۆشە، هەروەها دکتۆر (جێکڵ)یش زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی کە شەوەکەی لەگەڵ دوو کۆنترین و خۆشەویسترین هاوڕێی بەسەر برد. هەستی کرد کە ژیانی گەڕاوەتەوە باری ئاسایی خۆی. بەڵام پاش ماوەیەک دکتۆر (جێکڵ) دووبارە دەستی کردەوە بە گۆشەگیری خۆی، دەرگای ماڵەکەی لە بەردەم هەمووواندا داخست و نەیهێشت هیچ کەسێک سەردانی بکات.
بەڕێز (ئاترسن) بەمە زۆر نیگەران بوو و ڕۆیشتە ماڵی (جێکڵ)ی هاوڕێی بۆ ئەوەی سەردانی بکات، داوای لە (پۆڵ) کرد تاکو (جێکڵ) ببینێت، بەڵام (پۆڵ) گوتی کە گەورەی نایهەوێت چاوی بە کەس بکەوێت. دواتر بەڕێز ئاترسن ڕۆیشتە لای دکتۆر (لانیۆن) تاکو ڕاوێژی پێ بکات و دەربارەی (جێکڵ) قسە بکەن.

**بەڕێز (ئاترسن) ڕۆیشت بۆ ماڵی دکتۆر (لانیۆن) و کاتێک ئەوی بینی تووشی شۆک بوو، وەکو ئەوە وابوو کە دکتۆر (لانیۆن) بە حەفتەیەک سی ساڵ لە تەمەنی ڕۆیشتبێت. پێستی بە تەواوی سپی بوو و زۆریش نەخۆش دیار بوو.**
**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "کێشەت چییە و بۆچی ئاوایت؟"**
**دکتۆر (لانیۆن)یس گوتی: "تووشی شۆک بوونێکی سامناک بووم و باوەڕ ناکەم چیتر لە ژیاندا بمێنمەوە!"**
**دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "دکتۆر (جێکڵ)یش وەکو تۆ نەخۆشە، ئایا ئەم ماوەیە بینیوتە؟"**
**دکتۆر (لانیۆن)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "ناوی ئەو پیاوە لای من مەهێنە، ئەو چیتر هاوڕێی من نییە!"**
**بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: ئەم سێیەمان ماوەی چەندین ساڵە هاوڕێین، نابێت پشت لە یەکتری بکەین". هەروەها گوتیشی: "تکایە پێم بڵێ کە چی بووە؟"**
**دکتۆر (لانیۆن)یش لە وەڵامدا گوتی: ئەگەر دەتهەوێت بزانیت، ئەوا بڕۆ لە (جێکڵ) بپرسە".**
**بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "ئەو ڕێگام پێ نادات کە چاوم پێی بکەوێت".**
**دکتۆر (لانیۆن)یش گوتی: "ئەوەم لا سەیر نییە، دوای ئەوەی کە مردم دەزانیت کە چی ڕوویداوە، تکایە وازم لێبێنە، من نامەوێت باسی چیرۆکەکە بکەم، چونکە بەڕاستی چیرۆکێکی قێزەون و سامناکە". دواتر بەردەوام بوو و گوتی: "ئەگەر دەتهەوێت باسی ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوو بکەین، ئەوا خۆشحاڵ دەبم، بەڵام ئەگەر بتهەوێت باسی (جێکڵ) بکەین، ئەوا تکایە بڕۆ دەرەوە".**
**بەڕێز (ئاترسن) وازی لەم بابەتە هێنا و لەگەڵ هاوڕێیەکەی باسی ڕابردوویان کرد و دوای چەند کاتژمێرێک بەڕێز (ئاترسن) گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.**



## بەشی دوازدەیەم: نامەیەک لە لایان دکتۆر (لانیۆن)ەوە

کاتێک بەڕێز (ئاترسن) گەڕایەوە بۆماڵەوە، نامەیەکی بۆ (جێکڵ)ی هاوڕێی نارد کە تێیدا نیگەرانی خۆی دەرخست و پرسی کە بۆچی پەیوەندی نێوان خۆی و (لانیۆن)ی هاوڕێی کۆتایی پێهێناوە؟ بۆ ڕۆژی دواتر نامەیەک لە لایان دکتۆر (جێکڵ)ی پێگەیشت و لە نامەکەدا نووسرابوو:
"پەیوەندی نێوان من و (لانیۆن) کۆتایی پێهاتووە، ئێمە چیتر هاوڕێ نین، لە ڕاستیدا لۆمەی ناکەم بەوەی کە نایهەوێت هەرگیز قسەم لەگەڵ بکاتەوە، لەمەودوا دەرگای ماڵەکەم بە بەردەم هیچ کەسێکدا ناکەمەوە و ڕێگە نادەم هیچ کەسێکیش سەردانم بکات، تەنانەت تۆش هاوڕێکەم، بۆیە تکایە توڕە مەبە کە ئەمانە دەڵێم، من هۆکاری هەموو ئەم کێشانەم و بەم شێوەیە سزای خۆم دەدەم. بۆیە تکات لێ دەکەم هاوڕێکەم، ئەگەر دەتهەوێت ئازارەکەم کەمتر بکەیتەوە، ئەوا تکایە ڕێز لە بڕیارەکەم بگرە".
بەڕێز (ئاترسن) بەم قسانە بە تەواوی تووشی شۆک بوو، چونکە حەفتەیەک لەمەوبەر دکتۆر (جێکڵ) دەم بە خەندە و دووبارە تێکەڵی کۆمەڵگا بوو بۆوە، هاوڕێکانیشی باسی ئەوەیان کردبوو کە چەندە دڵخۆش دیارە. بەڕێز (ئاترسن) لای سەیر بوو کە بۆچی وا لەپڕ دکتۆر (جێکڵ) گۆڕا؟ ئێستا هیچ مەترسییەکی (هاید)ی نەفرەتی نەماوە، کەوایە بۆوا دەکات؟
دوو حەفتەی پێنەچوو و دکتۆر (لانیۆن) مرد. هەمووان بە بیستنی هەواڵی مەرگی ئەو تووشی شۆک بوون و لایان سەیر بوو کە وا لەپڕ مرد. تەنیا بەڕێز (ئاترسن) دەیزانی بەمزووانە دەمرێت بەوەی کە ئەو شەوە بینی حاڵی چۆن بوو.
شەوێک دوای مەرگی دکتۆر (لانیۆن)، بەڕێز (ئاترسن) لە ماڵەکەی بە تەنیا لەسەر کورسییەک دانیشت و تەنیا یەک مۆمی لابوو تاکو ژوورەکە ڕۆشەن بکاتەوە، بە دەستیەوە پارچە کاغەزێکی پێبوو کە پارێزەری دکتۆر (لانیۆن) بەوی دابوو. لەسەر زەرفەکە نووسرابوو: "دوای مەرگی من، ئەوا پێویستە بدرێت بە (جی جەی ئاترسن). ئەگەر ئەویش لە ژیاندا نەمابوو، ئەوا ئەم نامەیە پێویستە لەناو ببردرێت".
دواتر زەرفەکەی کردەوە و لەسەر نامەکە نووسرابوو: "ئەم نامەیەکە پێویستە کاتێک ببینرێت کە دکتۆر (جێکڵ) مردبێت یاخود ون بووبێت".
بەڕێز (ئاترسن) کە ئەمەی خوێندەوە بە تەواوی تووشی شۆک بوو، چونکە ئەمە هەمان ئەو نووسراوەبوو کە دکتۆر (جێکڵ) لە وەسیەتەکەیدا نووسیبووی. بەڕێز (ئاترسن) لای سەیر بوو کە دکتۆر (لانیۆن) بۆچی دەیهەوێت (جێکڵ)ی هاوڕێی بمرێت یاخود ون بێت؟
لەبەر ئەوەی بەڕێز (ئاترسن) هاوڕێیەکی متمانە پێکراوی دکتۆر (لانیۆن) بوو، ئەوا نامەکەی لە قاسەیەک هاویشت و هیوای ئەوەی خواست کە هەرگیز ئەو ڕۆژە دانێیەت کە تووشی ئەوە بێت ئەو نامەیە بخوێنێتەوە.

بەڕێز (ئاترسن) بە شێوەیەکی بەردەوام سەردانی دکتۆر (جێکڵ)ی دەکرد. بەڵام هەر سەردانێک، نێوانی ماوەیەکی هەبوو. دواتر بەڕێز (ئاترسن) پێی خۆش بوو کە کاتێک سەردانی (جێکڵ)ی هاوڕێی دەکرد، ئەوا (پۆڵ) ڕێگەی پێ نەدەدا، چونکە ئەو دەستی بە ژیانێکی تازە کردبوو، ئەویش ئەوە بوو کە خۆی زیاتر بە کار کردن سەرقاڵ دەکرد تاکو تۆزێک نیگەرانیەکی دەربارەی (جێکڵ) کەم ببێتەوە.

لە یەکێک سەردانەکانی، بەڕێز (ئاترسن) لە (پۆڵ)ی پرسی کە ئایا گەورەکەی ئێستا باشتر بووە؟

(پۆڵ)یش گوتی: "لە ڕاستیدا ئێستا گەورەم تەنانەت لەناو ماڵیشدا کەم دەردەکەوێت".

بەڕێز (ئاترسن) تێبینی ئەوەی کرد کە (پۆڵ) زۆر نیگەرانی گەورەکەیەتی.

دواتر (پۆڵ) بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی: "ئێستا زیاتر لە ژووری سەرەوەی تاقیگەکە کاتی خۆی بەسەر دەبات، تەنانەت هەر لەوێش دەخەوێت، زۆربەی کات خواردنەکەی بۆ دەبەمە بەردەم دەرگای ژوورەوە و دواتر دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی قاپ و پەرداخە بەتاڵەکان ببەمەوە".

دیار بوو کە (پۆڵ) دەیهەویست قسەی زیاتر بکات، بەڵام دواتر وەستا و گوتی: "بە گەورەم دەڵێم کە لێرە بوویت".

دواتر بەڕێز (ئاترسن) سوپاسی (پۆڵ)ی کرد و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەڕێز (ئاترسن) زۆر نیگەرانی (جێکڵ) بوو چونکە زانی تەنانەت خزمەتکارەکانیشی بە دەگمەن دەیبینن، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئایا هاوڕێ ئازیزەکەم بە تەواوی لەدەستدا؟"

## بەشی سێزدەیەم: ڕووداوی حەوشەکە

سەرەڕای ئەو ڕووداوە سەیرانە کە ڕوویان دەدا، بەڕێز (ئاترسن) هەرگیز پیاسەی ڕۆژانی یەک شەممەی لەگەڵ بەڕێز (ئێنفیڵد)ی کوڕە مامی پشتگوێ نەدەخست. زۆر حەزی بەم پیاسانە دەکرد و وا هەستی دەکرد کە ئەمە وایکردووە مێشکی خۆی لەدەست نەدات و تۆزێک نیگەرانی دەربارەی (جێکڵ)ی هاوڕێی لەبیر بچێتەوە. ئەم پیاسانە ڕۆژانی ڕابردووی بیری ئەو دەخستەوە و بیری دەهاتەوە کە چەندە ژیانێکی سادە و خۆشگوزەرانی هەبوو، لە قوڵایی دڵیەوە خۆزگەی دەخواست کە دووبارە ژیانی وەکو خۆی لێبێتەوە. ڕۆژێکیان گەیشتنە بەردەمی ئەو دەرگایەی کە هەموو شتێک لەوێوە دەستی پێکرد، دەرگای ئەو تاقیگەیە بوو کە کاتی خۆی بەڕێز (ئێنفیڵد) بۆ یەکەم جار بینی و دواتر چیرۆکەکەی بۆ بەڕێز (ئاترسن) گێڕایەوە. دەرگایەکە پێویستی بە بۆیاغ بوو و قوفڵەکەی شکابوو، وەکو ئەوە وا بوو کە کەسێک ویستبێتی بە زەبری هێز بچێتە ژوورەوە. کاتێک بەڕێز (ئاترسن) دەرگایەکەی بینی، بیری کردەوە کە لەوەتەی ئەو دەرگایەی بینیوە چەندە ژیانی گۆڕاوە، لەپڕ هەستی بەوە کرد کە هەچی ڕوویداوە هەڵەی ئەو بووە، لە کاتێکدا ئەوە ڕاست نییە. بەڵام وا هەستی کرد کە لەوانەیە ئەو بە بیستنی ئەو چیرۆکە بە دوای ڕاستیدا گەڕابێت و وایکردبێت (جێکڵ) تووشی ئازار و هەڕەشە بووبێت لە لایان (هاید)ی نەفرەتییەوە. بەڕێز (ئاترسن) لە دڵی خۆیدا گوتی کە لەوانەیە هەرگیز ڕاستی ئەم بابەتە ئاشکرا نەکات و خەریک بوو کۆڵ بدات.

بەڕێز (ئێنفیڵد) گوتی: "چیتر دەربارەی (هاید) نابیستینەوە، چونکە ئەو ڕایکردووە و دیار نەماوە". خەڵکی "لەندەن" باسی ئەوەیان دەکرد کە چیتر هیچ کەسێک ئەو نابینێتەوە و هەرگیزیش ناگەڕێتەوە.

ڕۆژنامەنووسانیش دەیانگوت کە ڕای کردووە و چیتر لە وڵات نەماوە. چەندین دەنگۆ هەبوو لەسەر ئەوەی کە لە "ئەڵمانیا" و "فەڕەنسا" بینراوە، هەندێک دەنگۆی تریش هەبوو و دەگوترا کە بۆ وڵاتی "چین" ڕایکردووە. هەندێکی تریش دەیانگوت کە ڕایکردووە بۆ "سکۆتلەندا" و هەندێکی تریش باوەڕیان وا بوو کە هێشتا لە "لەندەن"ە و چاوەڕێی ئەوە دەکات کە کەسێکی تریش بکوژێت.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) بە بەڕێز (ئێنفیڵد)ی گوت: "هیوادارم ڕاست بکەیت، ئایا پێم گوتیت کە چاوم پێکەوت؟ بەڕاستی بێزم لەو پیاوە کرد".

بەڕێز (ئێنفیڵد)یش گوتی: "هەر کەسێک چاوی بەو پیاوە بکەوێت ئەوا هەمان هەستی دەبێت".

دواتر بەڕێز (ئێنفیڵد) بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی: "هەروەها داوای لێبووردنیش دەکەم، ئەو کاتە نەمدەزانی کە ئەمە ماڵی دکتۆر (جێکڵ)ە، دەمزانی کە دکتۆر (جێکڵ) هاوڕێیەکی ئازیزی تۆیە، بەڵام نەمدەزانی کە ئەمە ماڵی ئەوە، ببورە کە ئەو چیرۆکە قێزەونەم بۆ گێڕایتەوە و بێزارم کردیت بە قسەکانم، بەڕاستی داوای لێبووردن دەکەم".

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "کێشە نییە، من زۆر نیگەرانی (جێکڵ)م، ماوەیەکی زۆرە لەسەر سروشتی خۆی نییە، ئایا دەتوانین بچینە حەوشەی ماڵەکەی و لە پەنجەرەکانەوە سەیر بکەین تاکو بزانین چی دەکات؟"

بەڕێز (ئێنفیڵد)یش گوتی: "کێشە نییە، هەروەها لەوانەیە بتوانین هانی دکتۆر (جێکڵ) بدەین تاکو لەگەڵ ئێمە پیاسە بکات، تاکو ژمارەمان زۆرتر بێت، ئەوا پیاسەکە خۆشتر دەبێت".

چوونە ناو حەوشەکە و بینیان کە تەڕ و سارد بوو، هەر چەندە خۆر بە دەرەوە بوو، بەڵام پەڵە هەورێک حەوشەکەی داپۆشیبوو. حەوشەکە پێشووتر کۆمەڵە گوڵێکی جوانی لێبوون، خزمەتکارەکان لە لایان دکتۆر (جێکڵ)ەوە فەرمانیان پێکرابوو کە حەوشەکە بە پاکی ڕابگرن. لە ڕابردوودا بەڕێز (ئاترسن) و دکتۆر (جێکڵ) بۆ چەندین کاتژمێر لەو حەوشەیەدا دەمانەوە و قسەیان دەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە حەوشەکە زۆر شپرزە دیار بوو، ڕووەک و گوڵەکان بە هۆی بێ ئاوییەوە وشک بوو بوون و درەختەکان ڕەنگێکی مردوویان هەبوو.

بەڕێز (ئاترسن) گوتی کە ئەمە نیشانەیەکی خراپە، چونکە ئەگەر (جێکڵ) تەندروستی باش بێت، ئەوا هەرگیز ڕێگە نادات حەوشەکە بەم شێوەیەی لێبێت. هەردووکیان سەیری پەنجەرەی سەروو تاقیگەکەیان کرد و بینیان کە کراوەتەوە، دواتر دکتۆر (جێکڵ)یان بینی کە لەسەر کورسیەک لە لای پەنجەرەکە دانیشتبوو.

بەڕێز (ئاترسن) بانگی کرد و گوتی: "وا دیارە ئێستا حاڵت باشترە، وایە؟"

دکتۆر (جێکڵ) زۆر بە سەرسووڕماوییە ئاوڕی دایە دەنگەکە و بینی کە ئەوە (ئاترسن)ی هاوڕێیەتی کە بانگی دەکات.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "تۆ زۆر لە ژوورەوە دەمێنیتەوە، پێویستە تۆزێک وەرزش بکەیت، وەرە لەگەڵ ئێمە پیاسە بکە، ئایا هەرگیز پێشووتر چاوت بە (ئێنفیڵد)ی کوڕە مامم کەوتووە؟ دەی کڵاوەکەت لەسەربکە و وەرە دەرەوە".

دواتر دکتۆر (جێکڵ) گوتی: "بەڕاستی زۆر نەرم و نیانیت، حەزم دەکرد، بەڵام ببورن، بوێری ئەوەم نییە کە بێمە دەرەوە". دواتر دەم بە خەندەوە گوتی: "زۆر دڵخۆشم بە بینینی ئێوە، حەزم دەکرد کە بانگهێشتتان بکەم بۆ ژوورەوە، بەڵام ببورن، ئێرە شوێنێک نییە تاکو خەڵک سەردانی بکات".

بەڕێز (ئێنفیڵد) گوتی: نامانەوێت بێزارت بکەین دکتۆر (جێکڵ)، کوڕە مامەکەم هەمیشە باسی تۆ دەکات، تامەزرۆی دیداری تۆ بووم و ویستم سەردانت بکەم".

دکتۆر (جێکڵ) بە دڵێکی پڕ لە غەمگینەوە گوتی: "بەداخەوە، هەلی ئەوەمان نەبوو کە یەکتری بناسین، بەڕاستی بەداخەوە".

دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "کێشە نییە، لێرە دەمێنینەوە و قسەت لەگەڵ دەکەین".

هەمووان بۆ ساتێک دڵخۆش بوون، بەڵام ئەو دڵخۆشییە لەپڕ بوو بە تۆقینێکی سامناک. دکتۆر (جێکڵ) لەپڕ خەندە لەسەر لێوەکانی نەما و حاڵی تێکچوو، ڕەنگی بوو بە ڕەنگێکی خۆڵەمێشی و بە دەستەکانی ڕووخساری داپۆشی، وا دیار بوو کە ئازارێکی زۆر دەچێژێت، دواتر لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە و بەڕێز (ئاترسن) و (ئێنفیلد) گوێبیستی دکتۆر (جێکڵ) بوون کە بە هۆی ئازارەوە لە پشت پەنجەرەکەوە دەیناڵاند.

بەڕێز (ئاترسن) و (ئێنفیڵد) بە بینینی ئەم دیمەنە تووشی شۆک بوون و نەیانزانی کە چی بکەن. دوای چەند ساتێک دکتۆر (جێکڵ) پەردەکەی لادا و دیار نەما، دواتر بەڕێز (ئاترسن) و (ئێنفیڵد) ڕۆیشتن و هیچیان نەگوت. بەڕێز (ئاترسن) ویستی دەربارەی ئەو ڕووداوە قسەبکات، ویستی بزانێت کە بۆچی ئاوا لەپڕ ڕەنگی پێستی گۆڕا؟ ئایا تووشی چ جۆرە نەخۆشییەک بووە؟ ئایا ئەویان ژەهرخوارد کردووە؟ بەڕێز (ئاترسن) دەیزانی کە خزمەتکارەکان بۆ ئەو بە وەفان و هەرگیز کارێکی لەم شێوەیە ناکەن. دواتر گوتی کە ئایا (هاید) ئەمەی کردووە؟ ئایا هێشتا لەم نزیکانەیە؟ ئایا (هاید)ی نەفرەتی هێشتا کۆنترۆڵی (جێکڵ) دەکات؟ چەندین پرسیاری تریشی لا دروست بوون، بەڵام هیچ شتێکی بۆ ڕوون نەبۆوە، تاکە شتێک کە بەڕێز (ئاترسن) لێی دڵنیابوو، ئەوە بوو کە خۆی و بەڕێز (ئێنفیڵد) دیمەنێکی سامناکیان بینی.

دواتر بەڕێز (ئاترسن) لە خودا پاڕایەوە و گوتی: "خوایە لێمان خۆشبە! خوایە لێمان خۆشبە!" بەڕێز (ئاترسن) و (ئێنفیڵد) نەیانتوانی بە وشە وەسفی ئەو دیمەنە بکەن کە کەمێک لەمەوبەر بینیان، بۆیە بە بێدەنگی بەردەوام بوون لە پیاسەکەی خۆیان و هیچیان نەگوت.

## بەشی چواردەیەم: شەوی کۆتایی بەڕێز

(ئاترسن) هێشتا ئەو دیمەنە سامناکەی هەر بە بیر بوو، نەیدەزانی چی بکات بۆ ئەوەی یارمەتی (جێکڵ)ی هاوڕێی بدات، شەوێکیان ویستی بخەوێت، بەڵام نەیتوانی، بۆیە ڕۆیشتە لای دوکەڵکێشەکە و هەر بیری لەو ڕووداوە دەکردەوە. دواتر کەسێک لە دەرگای ماڵەکەی دا و کە دەرگایەکەی کردەوە بینی کە (پۆڵە)!

بەڕێز (ئاترسن) بە سەردانی (پۆڵ) تووشی شۆک بوو و گوتی: "ئای خوایە! ئەوە لێرە چی دەکەیت؟! ئایا دکتۆر (جێکڵ) نەخۆشە؟!"

(پۆڵ) گوتی: "شتێکی زۆر خراپ ڕوویداوە!" (پۆڵ) زۆر نیگەران بوو،

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "وەرە لەسەر ئەم کورسییە دانیشە و هێمنبەوە"

(پۆڵ) گوتی: "بەڕێز (ئاترسن)، تۆ گەورەم زۆر باش دەناسیت، ئاگاداریت کە خۆی گۆشەگیر کردووە و نایهەوێت چاوی بە کەس بکەوێت، بۆیە زۆر نیگەرانی ئەوم، لەوەش زیاتر، نیگەرانی تەندروستی ئەوم، وابزانم لە مەترسییەکی گەورەدایە".

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "نیگەرانی چیت؟"

(پۆڵ)یش گوتی: "ماوەیەکی زۆرە کە نیگەرانی گەورەمم" دەستەکانی لەسەر چۆکەکانی دانا و دەلەرزی. دواتر گوتی کە چیتر بەرگە ناگرێت.

بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "بۆچی نیگەرانی دکتۆر (جێکڵ)یت؟ چی ڕوویداوە؟"

(پۆڵ)یش بە دەنگێکی نزمەوە گوتی: "وابزانم ڕووداوێک ڕوویداوە!"

بەڕێز (ئاترسن) بە بیستنی ئەمە زۆر شپرزە بوو و دڵی بە خێرایی لێی دەدا.

دواتر گوتی: "ڕووداوی چی؟! ئەوە باسی چی دەکەیت؟!"

(پۆڵ)یش گوتی: "نازانم، بەڵام باشترە لەگەڵم بێیت تاکو نیشانت بدەم".

بەڕێز (ئاترسن) ڕاستەوخۆ باڵتۆ و کڵاوەکەی هێنا، بینی کە (پۆڵ) زۆر نیگەرانە، بۆیە دەستی لەسەر شانی (پۆڵ) دانا و گوتی: "دڵنیابە کە ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین". دواتر هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن. کە ڕۆیشتنە دەرەوە بینیان کە کەش وهەوایەکی زۆر سارده و بایەکی بەهێزیش دێت، کەم کەس بەرگەی ئەم جۆرە کەش و هەوایەی دەگرت. بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) دەستیان بە کڵاوەکانیان گرتبوو تاکو با نەیبات، چونکە بایەکی بەهێز بوو و کەش و هەوایەکەش زۆر نا هەموار بوو.

بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئەم کەش و هەوایە نیشانەیەکی خراپە". لەوە ترسا کە دکتۆر (جێکڵ) مردبێت. کاتێک گەیشتنە بەردەم ماڵی دکتۆر (جێکڵ)، (پۆڵ) کڵاو و باڵتۆیەکەی دانا لە کاتێکدا کە کەش و هەوا هەر سارد بوو، بۆیە وایکرد تاکو ئارەقەی سەر ڕووخساری بسڕێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە زۆر بە خێرایی بە ڕێگادا دەڕۆیشت.

دواتر (پۆڵ) گوتی: "سوپاس بۆ خوا کە گەیشتین، هیوادارم هیچ شتێکی خراپ لە ژوورەوە ڕووی نەدابێت". دواتر (پۆڵ) سێ جار بە خێرایی و دواتر دوو جار بە هێواشی لە دەرگای دا، خزمەتکارێکی ئافرەت دەرگایەکەی کردەوە و گوتی: "ئایا ئەمە تۆیت (پۆڵ)؟"
(پۆڵ)یش گوتی: "بەڵێ، ئەوەم خۆمم، دەرگایەکە بکەوە".
کە چوونە ژوورەوە، بەڕێز (ئاترسن) بینی کە هەموو خزمەتکارەکان لای دوکەڵکێشە پێکەوە دانیشتوون، بەڕێز (ئاترسن) ئەمەی لا سەیر بوو و گوتی: "ئەوە هەمووتان لێرە چی دەکەن؟"
(پۆڵ) گوتی: "هەمووان ترساون". دواتر بە کوڕێکی خزمەتکاری گوت: "(جێرمی)، بڕۆ دوو مۆم بۆ بهێنە". کوڕەکە دوو مۆمەکەی هێنا و دای بە (پۆڵ)، (پۆڵ)یش هەردوو مۆمەکەی داگیرساند و دانەیەکی بە ڕێز (ئاترسن) دا، دواتر هەردووکیان بەرەو تاقیگەکە ڕۆیشتن.

## بەشی پازدەیەم: چیرۆکی (پۆڵ)

(پۆڵ) بە دەنگێکی نزم گوتی: "گەورەم، داوات لێ دەکەم کە هیچ نەڵێیت و بێ دەنگ بیت، باشترە ئەو نەزانێت کە تۆ لێرەیت، تەنیا گوێبگرە".
بەڕێز (ئاترسن)یش بە گوێی ئەوی کرد، دەستەکانی زۆر دەلەرزین و دڵۆپەی تواوەی مۆمەکە دەکەوتنە سەر دەستی، بەڵام هیچ دەنگێکی دەرنەکرد. هەردووکیان بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتن و چوونە ئەو ژوورەی کە دکتۆر (جێکڵ) لێی دەمایەوە.
دواتر (پۆڵ) گوتی: گەورەم، باشترە بچیتە ئەوێ و تەنیا گوێ بگریت".
دواتر (پۆڵ) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بانگی دکتۆر (جێکڵ)ی کرد و گوتی: "گەورەم، بەڕێز (ئاترسن) هاتووە بۆ ئەوەی تۆ ببینێت".
دەنگێکی گڕ وەڵامی دایەوە و گوتی: "پێی بڵێ کە نامەوێت بیبینم".
(پۆڵ)یش گوتی: "زۆر باشە گەورەم". دواتر لەگەڵ بەڕێز (ئاترسن) ڕۆیشتنە خوارەوە و (پۆڵ) گوتی: "ئایا بە ڕای تۆ ئەوەی دەنگی گەورەم بوو؟"
بەڕێز (ئاترسن)یش بە سەرسووڕماوییەوە گوتی: "دەنگی زۆر گۆڕاوە!"
(پۆڵ) گوتی: "نەگۆڕاوە، بەڵکو ئەمە دەنگی گەورەم نییە، ماوەی بیست ساڵە لێرە کار دەکەم، پێتوایە کە نازانم دەنگی گەورەم چۆنە؟ ئەمە گەورەم نییە و ئەو شتێکی بەسەرهاتووە. هەشت ڕۆژە من بەردەوام بیر دەکەمەوە و نازانم چی بکەم".

بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "هێمنبەوە (پۆڵ)، با بڵێین کە قسەی تۆ ڕاستە و (جێکڵ) کوژراوە یاخود ڕفێندراوە، ئەگەر وابێت ئەوا بۆچی تاوانبارەکە لێرە ماوەتەوە و ڕای نەکردووە؟"
(پۆڵ) گوتی: "بەڕاستی پیاوێکیت کە بە ئاسانی بڕوا ناکەیت، باشە، وات لێ دەکەم بڕوام پێ بکەیت. ماوەی حەفتەیەکە بە هاوارەوە داوای دەرمانێکی دیاریکراو دەکات، ناوی دەرمانەکەی لەسەر پارچە کاغەزێکی دەنووسی و منیش دەڕۆیشتم بۆ ئەوەی لە نۆرینگەیەک بۆی بکڕم، بەڵام هەر کاتێک بۆم دەبرد، ئەوا دەیگوت بیگەڕێنەوە چونکە ئەم دەرمانە کوالێتی باش نییە. نازانم ئەمە چ جۆرە دەرمانێکە، بەڵام ئەو تامەزرۆیە بۆ ئەوەی بەدەستی بهێنێت".
بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا ئەو پارچە کاغەزەت لاماوە؟" (پۆڵ) پارچە کاغەزەکەی دەرهێنا و نیشانی بەڕێز (ئاترسن)ی دا. بەڕێز (ئاترسن) بۆ ماوەیەک سەیری پارچە کاغەزەکەی کرد و خوێندیەوە، نووسرابوو: ئەم دەرمانە دەگەڕێنمەوە چونکە کوالێتی باش نییە و سوودیشی بۆ من نییە، ماوەی چەند ساڵێک لەمەوبەر ژمارەیەکی زۆر لەو دەرمانەم کڕی، تکایە ئەو دەرمانەم پێ بدەن کە کوالێتی باشە، دەرمانە کۆنەکەم دەوێتەوە.
ئەوەی بەڕاستی بەڕێز (ئاترسن)ی شپرزە کرد، بریتی بوو لە ڕستەی کۆتایی کە نووسرابوو: "تکایە، لێتان دەپاڕێمەوە کە ئەم دەرمانەم بۆ دابین بکەن". دوای خوێندنەوەی، بەڕێز (ئاترسن) بە توڕەییەوە گوتی: ئەم زەرفەی کە نووسینەکەی تێدایە بۆچی کراوەتەوە؟!"
وادیار بوو کە بەڕێز (ئاترسن) تاکو کۆتا کۆتا سات هەر بەرگری لە (جێکڵ)ی هاوڕێی دەکات.
(پۆڵ) وەڵامی دایەوە و گوتی: کاتێک دەرمانەکەم بۆ یەکێک لە پزیشکەکان بردەوە، ئەوا زۆر توڕە بوو و پارچە کاغەزەکەی فڕێدا".
بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا ئەمە دەستوخەتی دکتۆر (جێکڵ)ە؟"
ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "بەڵێ، بەڵام ئەمە سوودی نییە، چونکە من ئەو پیاوەم بینیوە!"
بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: بەڕاستیتە؟! کەی؟ لە کوێ؟"
(پۆڵ)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "ڕۆژێکیان لە حەوشەکە خۆم حەشاردابوو بۆ ئەوەی ببینم، ئەوم لەو دیوی حەوشەکە بینی کە سەیری سندووقەکەی دەکرد تاکو بزانێت چی تێدایە، دواتر ئاوڕی دایەوە و منی بینی، بە دەنگێکی بەرز و تیژەوە هاواری کرد و بۆ سەرەوە بەسەر پلیکانەکاندا ڕایکرد، بەمە زۆر ترسام. بەڕێز (ئاترسن)، ئەگەر ئەمە بەڕاستی گەورەم بێت، ئەوا بۆچی کە منی بینی هاواری کرد و وەکو مشکێک ڕایکرد؟"
دواتر بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئەمە بەڕاستی چیرۆکێکی سەیرە، بەڵام وابزانم خەریکە تێدەگەم کە چی ڕوو دەدات، دکتۆر (جێکڵ) تووشی جۆرە نەخۆشییەکی دەروونی بووە، ئەوەش وایکردووە دەنگ و ڕووخساری بگۆڕدرێت، هەروەها واشی لە خۆی کردووە کە باوەڕ بەوە بهێنێت کە ئەو دەرمانە نەخۆشیەکەی ئەو چارەسەر دەکات".

**(پۆڵ)یش گوتی: ئەوەی لەو ژوورەدایە گەورەی من نییە، گەورەی من کەسێکی باڵابەرزە و جەستەیەکی باشی هەیە، بەڵام ئەمەیان کورتە باڵا و قەمبورە. پێتوایە کە نازانم گەورەم باڵای چەندە؟ پێتوایە کە گەورەم ناناسم؟ نەخێر، ئەمە گەورەم نییە، ئەمە دکتۆر (جێکڵ) نییە، دڵنیام گەورەم کوژراوە!"**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئایا لە قسەکانی خۆت دڵنیایت؟" بەڕێز (ئاترسن) لەو ساتەدا زۆر شپرزە بوو و ئارەقەیەکی زۆری دەکرد، چونکە لەوە دەترسا کە خۆشەویسترین هاوڕێی کوژرابێت.**

**(پۆڵ)یش گوتی: "بەڵێ".**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "کەوایە چارەی ترمان نییە، با دەرگایەکە بشکێنین!"**

## بەشی شازدەیەم: لەودیوی دەرگایە

**(پۆڵ) گوتی: "ئەم بیرۆکەیەم بەدڵە!"**

**بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا باشتر نییە کە جۆرە چەکێک هەڵگرین؟ نازانین کە لە ژوورەوە تووشی چ جۆرە مەترسییەک دەبینەوە".**

**(پۆڵ)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: لە خوارەوە دارێکی " کروکێ "ی لێیە، تۆش ئەم ئاسنە بگرە!"**

**بەڕێز (ئاترسن) خەریک بوو پێبکەنێت، ئەمە پێکەنینی خۆشی نەبوو، بەڵکو بە هۆی ئەوە بوو کە زۆر شپرزە بوو و باوەڕی نەدەکرد کە ئێستا ئەو لەو دۆخەدایە، وا هەستی دەکرد کە لەناو یەکێک لە چیرۆکە سەرکێشیەکان دایە. چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە شەوەکەی بەم شێوەیە بەسەر بەرێت.**

**دواتر بەڕێز (ئاترسن) بە (پۆڵ)ی گوت: "ئایا دەزانیت کە خەریکە تووشی مەترسییەکی گەورە دەبینەوە؟"**

**(پۆڵ)یش گوتی: "بەڵێ، ئەوە دەزانم گەورەم".**

**بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "با ڕاستگۆبین، ئایا ئەو کەسەت ناسیەوە کە بینیت؟"**

**(پۆڵ)یش گوتی: "شتەکە زۆر بە خێرایی ڕوویدا، بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە ئەوە (هاید) بووە، ئەوا بەڵێ خۆی بوو، زۆر لەو دەچوو."**

**بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا پێشووتر چاوت بە بەڕێز (هاید) کەوتبوو؟"**

**(پۆڵ)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "بەڵێ، جارێکیان قسەم لەگەڵ کرد".**

بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "کەوایە تۆش ئەو هەستەت لاپەیدا بوو کاتێک چاوت بەو کەوت".
(پۆڵ)یش گوتی: "بەڵێ، زۆر لێی ترسام". دواتر بەردەوام بوو و گوتی: "دەزانم کە ئەمە بەڵگە نییە، بەڵام کاتێک ئەو کەسەم بینی، ئەوا زۆر ترسام". بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "وابزانم ڕاست دەکەیت، لەوانەیە ئەوە بەڕێز (هاید) بێت، لەوانەیە بەڕاستی (جێکڵ) کوژرابێت. کەوایە با بچینە ژوورەوە!"
بەڕێز (ئاترسن) دڵی زۆر بە خێرایی لێ دەدا و لەوە دەترسا کە هاوڕێ ئازیزەکەی کوژرابێت.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "باشترە بانگی (برادشۆ)ی خزمەتکار بکەیت بۆ ئەوەی لەوێ بوەستێت و ئەگەر شتێک ڕوویدا ئەوا با یارمەتیمان بدات". (پۆڵ) بە قسەی کرد و ڕۆیشتە خوارەوە بۆ ئەوەی بانگی بکات، دواتر (پۆڵ) ئەوی هێنا، (برادشۆ) کەسێکی قەبارە گەورە بوو، بەڵام زۆر شپرزە بوو و زۆریش دەترسا، دەستەکانی لەناو باخەڵەکانی هاویشتن بۆ ئەوەی بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) هەست نەکەن کە لە ترسان دەلەرزێت.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "ئارامبەوە (برادشۆ)، من و (پۆڵ) دەرگایەکە دەشکێنین و دەچینە ژوورەوە، ئەگەری هەیە کە تاوانبارەکە ڕابکات، بۆیە دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت بەوەی کە لەوێ بوەستیت؟"
(برادشۆ) گوتی: "بەڵێ، کێشە نییە". بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: "زۆرباشە، بڕۆ ئەوێ". تۆقەی لەگەڵ کرد و (برادشۆ)ی بۆ ئەوێ بەڕێکرد. بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون و هیچیان نەگوت، بەڕێز (ئاترسن) بیری لە ئەستێرەکان و دەکردەوە و بە جوانی ئەوان سەرسام بوو، گوتی: "ژیان پڕە لە ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو".
دواتر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە (پۆڵ)ی گوت کە پێویستە دەست بە ئەرکەکەیان بکەن.
دواتر بەرەو ژوورەکە ڕۆیشتن و لەپڕ گوێیان لە دەنگی پێی ئەو بوو کە دەڕۆیشت و دەهاتەوە، (پۆڵ) گوتی: "ئەو هەمیشە بەم شێوەیە، هەر کاتێک سەیری سندووقەکەی کرد و دەرمانەکەی بەدڵ نەبوو، ئەوا دووبارە دەست بە ڕۆیشتن و هاتنەوە دەکات".
بەڕێز (ئاترسن) پرسی: "ئایا تەنیا ئەمە دەبیستیت؟"
(پۆڵ)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: جارێکیان گوێم لە هاوارێک بوو، لە هاواری ئافرەتێک دەچوو، یاخود لە هاواری کەسێک دەچوو کە خەریکە دەمرێت.
دواتر ڕۆیشتنە لای دەرگایەکە و بەڕێز (ئاترسن) دەستی لەسەر دەسکی دەرگایەکە دانا و بە هاوارەوە گوتی: "(جێکڵ)، خۆتم نیشان بدە!" ئەوەی لە ژوورەوە بوو وەڵامی نەدایەوە، بۆیە بەڕێز (ئاترسن) دووبارە گوتی: "ئەگەر خۆتم نیشان نەدەیت، ئەوا ناچار دەبین زەبری هێز بەکاربهێنین!"
ئەوەی لە ژوورەوە بوو گوتی: (ئاترسن)، تکایە بەزەییم بەرامبەر بنوێنە!"

بەڕێز (ئاترسن) کە گوێی لەم دەنگە بوو گوتی: "ئەمە (هاید)ە، (پۆڵ)! دەرگایەکە بشکێنە!"
(پۆڵ) تەورێکی هێنا و لە دەرگایەکەی دا، یەکەم لێدان دەنێگی گەورەی لێ پەیدا بوو، دووەم و سێیەم لێدان دەرگایەکەیان تۆزێک جووڵاند. دواتر بە نۆرە تەورەکەیان بەدەست دەگرت و لە دەرگایەکەیان دەدا، دەرگایە تاکو لێدانی پێنجەم نەشکا. کاتێک دەرگایەکە شکا و ژوورەوەیان بینی، ئەوا تووشی شۆک بوون. بینیان کە ژوورێکی زۆر گەرم و خۆش و خاوێنە، کتری " چا "لەسەر ئاگر بوو و کوڵا بوو و " چا "ش ئامادە بوو. بەتانییەک لەسەر کورسیەک بوو و وا دیار بوو کە کەسێک لەوێ دانیشتبوو، ژوورێکی ئاسایی بوو، جگە لەوەی کە چەندین شووشەی لێ بوون کە ماددەی کیمیایی تێدابوون، هەروەها لاشەیەکیش لەسەر زەوی کەوتبوو، ئەوەش وایکرد هەردووکیان زۆر بترسن.

## بەشی حەڤدەیەم: لەناو تاقیگەکە

بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) زۆر بە وریاییەوە لە لاشەکە نزیک بوونەوە و بینیان کە لاشەی (هاید)ە. شووشەیەک لەدەستی بەڕێز (هاید)دا بوو، دیار بوو کە ئەوە ژەهر بووە و خۆی کوشتووە.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "دواکەوتین، (هاید) مرد و هەرگیزیش بۆمان ڕوون نابێتەوە کە چی ڕوویداوە". دواتر بەڕێز (ئاترسن) بەردەوام بوو لە قسەکردن و گوتی: "ئێستا کاتی ئەوەیە کە لاشەی گەورەت بدۆزینەوە".
هەردووکیان دەستیان بە گەڕان کرد، سەرەتا لە نووسینگەکە دەستیان پێکرد، بەڵام ئەویان نەدۆزیەوە، دواتر چوونە حەوشەکە و دواتریش ڕۆیشتن بۆ ژێر زەمینەکە، ئاشکرابوو کە ساڵەهایە کەس نەهاتۆتە ناو ئەو ژێر زەمینە، بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) بێ ئومێد بوون و دکتۆر (جێکڵ)یان نەدۆزیەوە.
بەڕێز (ئاترسن) ویستی گەشبین بێت و گوتی: "لەوانەیە ڕایکردبێت".
دواتر ڕۆیشتە لای دەرگای تاقیگەکە کە داخرا بوو، کلیلەکەشی لەسەر زەوی کەوتبوو و ژەنگی هەڵهێنابوو.
بەڕێز (ئاترسن) گوتی: "دیارە بۆ ماوەیەکی زۆر بەکارنەهێنراوە".
(پۆڵ)یش گوتی: "مەحاڵە کە بەکاربهێنرێت، وەکو دەبینیت کە شکاوە، دیارە کەسێک پێی لێناوە و شکاندوویەتی".
بەڕێز (ئاترسن)یش گوتی: " ڕاست دەکەیت، بەڵام بەڕاستی سەرم لێشێواوە، نازانم کە چی ڕوویداوە".



دواتر هەردووکیان بۆ ناو تاقیگەکە گەڕانەوە و سەیری پەرتووکەکانیان کرد، هەوڵیان دا کە سەیری لاشەی (هاید) نەکەن. دواتر ئەوەیان بۆ ڕوون بۆوە کە (هاید) تاقیکردنەوەیەکی کیمیایی ئەنجام دەدا، بۆیە ئەمەیان بۆ ڕوون بۆوە چونکە چەندین شووشەیان بینی کە ماددەی کیمایییان تێدابوو. دیار بوو کە کاتێک (هاید) تاقیکردنەوەیەکی کیمیایی ئەنجام دەدا، ئەوا بەڕێز (ئاترسن) و (پۆڵ) ڕێگەیان لێ گرت کاتێک بە زەبری هێز چوونە ژوورەوە.
(پۆڵ) گوتی: "ئەمە ئەو دەرمانەیە کە هەمیشە بۆم دەهێنا، ئایا هەمان تاقیکردنەوەی دکتۆر (جێکڵ)ی دەکرد؟ یاخود لەوانەیە دەرمانەکە لە سەرەتاوە هەر بۆ (هاید) بووبێت".
هەردووکیان تێبینی ئەوەیان کردبوو کە کتریەکە کوڵاوە و ئاوی لێ دەڕژێت، بە ڕاددەیەک سەرنجیان لەسەر ڕووداوەکە بوو کە ئاگاداری دەوروبەری خۆیان نەمابوون.
دواتر بەڕێز (ئاترسن) سەرنجی پەرتووکێکی ئایینی دا کە دکتۆر (جێکڵ) زۆر باسی دەکرد. بینی کە شتێکی تێدا نووسراوە، کاتێک خوێندیەوە تووشی شۆک بوو، چونکە ئەوە دەستوخەتی دکتۆر (جێکڵ) بوو، بەڵام نووسراوەکە پێچەوانەی خودی بیر و باوەڕی (جێکڵ) بوو. دواتر سەرنجی دا کە ئاوێنەیەک لە ناوەندی ژوورەکەدایە،
بەڕێز (ئاترسن) ئاوێنەکەی گرت و گوتی: "(جێکڵ) بۆچی ئەم ئاوێنەیەی لێرە بەم شێوەیە داناوە؟"
(پۆڵ)یش وەڵامی دایەوە و گوتی: "نازانم گەورەم، یەکەم جار ئەم ئاوێنەیە ببینم".
دواتر بەڕێز (ئاترسن) سەیری کۆمەڵە کاغەزێکی کرد کە لەسەر تەختەکە دانرابوون، کاغەزەکانی هەڵگرت و بینی کە ئەوە (جێکڵ) ئەوانەی نووسیون، سەیری یەکێکیانی کرد و بینی کە ئەوە وەسیەتی دکتۆر (جێکڵ)ە.

وەکو وەسیەتی یەکەم، هەمان ئەو خاڵە سەیرانەی تێدابوون، بەڵام ئەم جارە ناوی بەڕێز (ئاترسن) وەکو میراتگری دکتۆر (جێکڵ) هاتبوو نەک (هاید). بەڕێز (بەم گۆڕانە لەناکاوەی وەسیەتەکە تووشی شۆک بوو. دواتر پارچە کاغەزێکی تریشی هەڵگرت کە بە دەستنووسی دکتۆر (جێکڵ) نووسرابوو و بەرواری ئەمڕۆی هەبوو.

بەڕێز (ئاترسن) کە ئەمەی بینی بە هاوارەوە گوتی: "ئەو زیندووە! دیارە ڕایکردووە! بەڵام بۆچی ڕایکردووە؟"

(پۆڵ) گوتی: "با بیخوێنینەوە گەورەم".

بەڕێز (ئاترسن) هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و خوێندیەوە. نووسرابوو:

**"(ئاترسن)ی ئازیز ئەگەر ئەمە دەخوێنیتەوە، ئەوا مانای ئەوەیە کە ون بووم و هەرگیزیش جارێکی تر نامبینیەوە، ناتوانم پێت بڵێم کە چۆن ون بووم، بەڵام دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە بە شێوەیەکی خراپ ون بوومە، تکایە بڕۆ ئەو نامەیە بخوێنەوە کە (لانیۆن) پێش مەرگی بۆ تۆی ناردبوو. ئەگەر دەتەوێت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت، ئەوا زەرفی سێیەم بکەوە.**

**هاوڕێی بێ نرخت (هێنری جێکڵ)"**

(پۆڵ) زەرفی سێیەمی بە بەڕێز (ئاترسن) دا، ئەمەیان بە شێوەیەکی پتەو مۆرکرا بوو.

بەڕێز (ئاترسن) زەرفەکەی لە باخەڵی هاویشت و گوتی: "(پۆڵ)، تکایە لای کەس باسی ئەمە مەکە، گرنگ نییە ئەگەر گەورەت زیندوو بێت یان مردبێت، پێویستە ناوبانگی ئەو بپارێزین. ئێستا کاتژمێر " ١٠ "ی شەوە، دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە و ئەمانە دەخوێنمەوە، دواتر دەگەڕێمەوە و پۆلیس ئاگادار دەکەینەوە".

هەردووکیان لە تاقیگەکە چوونە دەرەوە و بەڕێز (ئاترسن) بە (پۆڵ)ی گوت: تکایە بە (برادشۆ) بڵێ کە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەگەری هەیە کە دکتۆر (جێکڵ) بگەڕێتەوە، بۆیە نابێت لەدەستی بدەین".

دواتر بەڕێز (ئاترسن) بە بەردەمی خزمەتکارەکاندا ڕۆیشت و هیچی نەگوت، دواتر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی سەیری ئەو زەرفانە بکات و بزانێت ئەو پارچە کاغەزانە چییان لەسەر نووسراوە".

## بەشی هەژدەیەم: نامەیەک لە لایان دکتۆر (جێکڵ)ەوە

بەڕێز (ئاترسن) ڕۆیشتەوە ماڵەوە و زەرفەکەی دکتۆر (لانیۆن)ی لەناو قاسەکەی دەرهێنا، دواتر لەسەر کورسییەک دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکەی دکتۆر (لانیۆن). نووسرابوو:
"چوار ڕۆژ پێش ئێستا لە بەرواری ١/٩ نامەیەکم لە لایان دکتۆر (جێکڵ)ی هاوڕێی کۆنم پێگەیشت. ئەوەم زۆر لا سەیر بوو، چونکە ماوەیەکی زۆرە بەم شێوەیە نامەی بۆ نەناردووم".
دواتر بەڕێز (ئاترسن) بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و لە نامەکەدا نووسرابوو: (لانیۆن)ی ئازیز تۆ یەکێکیت لە کۆنترین و خۆشەویسترین هاوڕێیەکانم، دەزانم لە ڕابردوودا چەندین کێشەمان کەوتە ناو، بەڵام دڵنیام ئەو خۆشەویستیەی کە بۆ یەکترمان هەیە هەر ماوە. باش دەزانیت کە هەر کاتێک یارمەتیت بهەوێت، ئەوا دێم بە هاناتەوە و یارمەتیت دەدەم. دڵنیام کە تۆش یارمەتیم دەدەیت ئەگەر داوات لێ بکەم. بۆیە تکایە ئەمشەو واز لە هەموو شتێک بهێنە و وەرە سەردانم بکە، چونکە پێویستم بە یارمەتی تۆیە. فەرمانم بە خزمەتکارەکەم کردووە هەر کە تۆی بینی ئەوا بتکاتە ژوورەوە، هەروەها قوفڵ دروستکەرێکیشی لەگەڵ دەبێت، لەگەڵ قوفڵ دروستکەرەکە وەرە بۆ نووسینگەکەی من کە لە سەرووی تاقیگەکەیە، قوفڵەکە بشکێنن و دواتر بە تەنیا وەرە ژوورەوە. کە چوویتە ژوورەوە ئەوا چەکمەجەیەک دەبینیت و کۆتا دانە ڕاکێشە، هەندێک دەرمانی تێدایە. لەگەڵ خۆت بیبە بۆ ماڵەکەت و دواتر بە کەسێک دەڵێم تاکو دەرمانەکانت لێ بسێنێت. ئەوەش بزانە کە زۆر نیگەرانم درەنگ ئەم کارە بکەیت، تکایە خێراکە. ئەگەر ڕاستەوخۆ دوای ئەم نامەیە بچیت بۆ ماڵی من، ئەوا بۆ کاتی نیوەشەو ئامادە دەبیت، بەڵام لەوانەیە بە هۆکارێک لە هۆکارەکان دوابکەویت، بۆیە کاتی زیاترت پێ دەبەخشم.
کە هاتیت تکایە بە تەنیا وەرە و دڵنیابە کە کەست لە دەوروبەر نییە.
دواتر کەسێک دێت و بە ناوی منەوە خۆی دەناسێنێت، ئەو کات دەرمانەکان بەو بدە. ئەگەر دەتهەوێت ئەم بابەتەت زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەوا لەگەڵ دەست بەجێ بوون بەم کارە، پاش پێنج خولەک هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە.
تکایە داوایەکەم ڕەت مەکەوە، پێویستم بە یارمەتی تۆیە هاوڕێیەکەم. هاوڕێی ئازیزت (جێکڵ)



**دکتۆر (لانیۆن) کاتێک نامەکەی بە تەواوی خوێندەوە، ئەوا گوتی: "ئەو بە تەواوی شێت بووە. بەڵام ناچارم بە هانایەوە بچم، چونکە هاوڕێی ئازیزی منە و پێویستی پێمە".**
**بە قسەم کرد و ڕۆیشتم بۆ ماڵی ئەو، بینیم کە خزمەتکارەکەی لەگەڵ قوفڵ دروستکەرەکە لەوێن، دیار بوو کە خزمەتکارەکە لە لایان گەورەکەیەوە نامەیەکی پێگەیشتبوو و هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردبۆوە. دواتر لەگەڵ قوفڵ دروستکەرەکە ڕویشتین بۆ سەرەوە و هەوڵی شکاندنی قوفڵەکەمان دا، ماوەیەکی پێچوو تاکو دەرگایەکەمان کردەوە. بە پێی ڕێنماییەکانی (جێکڵ) ڕۆیشتم و دەرمانە کیمیاییەکانم لە چەکمەجییەکە دەرهێنا و بردمنەوە بۆ ماڵی خۆم. دیار بوو کە دەرمانەکان هەمووی لە لایان (جێکڵ)ەوە دروستکرابوون.**
**لە ماڵەوە سەیرم کردن و بینیم کە دەرمانەکان بریتی بوون لە تۆزێک کە لە خوێ دەچوو، دەرمانێکی تریش هەبوو کە بریتی بوو لە شلەیەکی سوور کە بۆنێکی زۆر شیرینی لێ دەهات. نەمتوانی بزانم کە ئەو دەرمانانە چین، بەڕاستی نامۆ بوون.**
**دواتر چاوەڕێی ئەو کەسەم کرد کە دێت بۆ لای تاقیگەکەم بۆ ئەوەی دەرمانەکان ببات.**

## بەشی نۆزدەیەم: سەردانی کەسێکی نامۆ

نزیکەی کاتژمێر " ١٢ "ی شەو بوو کاتێک کەسێکی نامۆ هاتە بەردەمی ماڵەکەم. پرسیم کە ئایا دکتۆر (جێکڵ) ناردوویەتی؟ ئەویش گوتی بەڵێ. من گوتم تکایە وەرە ژوورەوە، تێبینی ئەوەم کرد کە هەر سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا کەسی بە دوایەوەیە یان نا، دواتر سەرنجی پۆلیسێکی دا کە بەوێدا دەڕۆیشت، هاتە ژوورەوە و لە ڕێی پەنجەرەکە سەیری کرد تاکو پۆلیسەکە بە تەواوی دیار نەما. بەمە زۆر نیگەران بووم، بۆیە ویستم بە خێراترین کات کۆتایی بەم کارە بهێنم، بۆیە گوتم با بچینە سەرەوە بۆ ئەوەی ئەمانەتەکەی دکتۆر (جێکڵ)ت پێ بدەم. کە ئەو پیاوەم بینی ئەوا بیرۆکەیەکی خراپم دەربارەی پەیدابوو، کەسێکی قێزەون و خراپ دیاربوو، زۆر لێی ترسام. پیاوەکە زۆر پەلەی بوو و دەیهەویست بە خێراترین کات دەرمانەکان بەدەست بهێنێت، تەنانەت دەستیشی گرتم و گوتی خێراکە.

منیش گوتم: "ئارامبەوە بەڕێزم، پێویست بە پەلەکردن ناکات، شایەنی باسیشە کە هێشتا ناوی تۆم نەزانیوە". دواتر بە ئەنقەست بۆ ماوەیەکی کەم دەرمانەکەم پێ نەدا بۆ ئەوەی بزانم کاردانەوەی چۆن دەبێت.

پیاوەکەش گوتی: "ببورە دکتۆر (لانیۆن)، بەڵام وەکو خۆت ئاگاداریت ئەوە داواکاری دکتۆر (جێکڵ)ە، نامهەوێت زۆر چاوەڕێ بکات".

دواتر لەپڕ لە قسەکردن وەستا و دەستی لەسەر قورگی دانا. دواتر خەریک بوو فرمێسک بڕێژێت و گوتی: "پێویستە... ئەو دەرمانانە... بەدەست بهێنم". منیش زۆر بەزەییم پێداهاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا ویستم بزانم کە چی ڕوو دەدات.

بۆیە ئاماژەم دا کە دەرمانەکان لە کوێن، ئەویش بە خێراییەکی زۆرەوە ڕۆیشتە سەر دەرمانەکان و تێبینیم کرد هەر کە دەرمانەکانی بینی، ئەوا زۆر ئاسوودە بوو.

دواتر دەستی کرد بە تێکەڵکردنی دەرمانەکان، ماددە کیمیاییەکە ڕەنگی کە ڕەنگێکی سووری تۆخی هەبوو، بوو بە سوورێکی کاڵ و دواتر بڵق و هەڵمی لێ هەڵدەستا، دواتر ڕەنگی بۆ مۆر گۆڕا، لە کۆتاییشدا ڕەنگی بوو بە سەوزێکی کاڵ. کە تەواو بوو، بە پێکەنینەوە ماددە کیمیاییەکەی لە شووشەیەک هاویشت و سەیری کردم و گوتی: "ئێستا دەتهەوێت بڕۆم لە ماڵەکەت؟ یاخود دەتهەوێت شتێکی سەرنجڕاکێش ببینیت؟ شتێک کە لە سەرووی تێگەیشتنی تۆوەیە، بڕیاری خۆت بدە و بە داناییەوە بیری لێ بکەوە، چونکە ئەمە شتێکە کە هەرگیز جارێکی تر نایبینیەوە". ویستم شپرزەیی خۆم نیشان نەدەم، بەڵام ئاشکرا بوو کە زۆر شپرزە بووم. ئەو پرسیاری ئەوەی دەکرد کە ئایا بوێری ئەوەم هەیە کە تاکو کۆتایی بمێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم چی ڕوو دەدات؟ منیش گوتم: "بەڵێ بەڕێزم، من ئەم هەموو ڕێگایەم بڕیوە، پێویستە کۆتاییەکەی ببینم".




پیاوەکەش گوتی: "زۆرباشە، بەڵام ئەوە بزانە کە ئاگاداریم کردیتەوە، هەر شتێک ڕوویدات ئەوا بەرپرسیاریەتی خۆتە، ئێستا سەیرکە کە زانست بەڕاستی چ شتێکی لە توانادایە!"
دواتر پارچە شووشەکەی بە دەستەوە گرت و ماددە کیمیاییەکەی خواردەوە، پاش ماوەیەکی کەم پیاوەکە دەستی کرد بە هاوارکردن و دواتر وەکو سەرخۆشێک بەولا و بەولادا دەکەوت، خۆی بە تەختەیەک گرت و بینیم کە شێوەی دەگۆڕا! لە ترسان بەربوومەوە و ڕۆیشتمە لای دیوارەکە بۆ ئەوەی لێی دوور بکەومەوە، بە دەستەکانم چاوەکانم گرتبوو بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە نەبینم.
کە دەستەکانم لابرد، بینیم کە پیاوەکە شێوەی گۆڕا و (جێکڵ) دەرکەوت و بە بێ هۆشی لەوێ کەوتبوو! لەو کاتەوە من خەوم لێ بڕاوە و ترس هەموو گیانی داگیر کردووم. بە بچووکترین دەنگ دەترسم، تەنانەت لە سێبەری خۆشم دەترسم، ئەو ڕووداوە تەواوی پایەکانی ژیانی من هەژاند، هەست دەکەم کە چیتر بەرگە ناگرم و بەمزووانە دەمرم. (جێکڵ) بەمە زۆر دڵتەنگ بوو و بە گریانەوە داوای لێبووردنی کرد. بەڵام من هزرم لەسەر هیچ شتێک نەمابوو. (ئاترسن)، بە پێی دانپێدانانی (جێکڵ)، ئەو پیاوەی کە ئەو شەوە سەردانی کردم، کەسێک بوو بە ناوی (هاید) کە ئێستا لە سەرتاسەری شاردا بە تۆمەتی کوشتنی بەڕێز (دانفرز کارۆ) داواکراوە.

## بەشی بیستەم: گۆڕان

بەڕێز (ئاترسن) دواتر نامەکەی دکتۆر (لانیۆن) لابرد و نامەکەی دکتۆر (جێکڵ) هێنا، سەرەتا بۆ چەند ساتێک نامەکەی بە دەستەوە گرت و زۆر نیگەران بوو، چونکە دەیزانی ئەمە کۆتا پەیوەندی نێوان خۆی و (جێکڵ)ی هاوڕێیەتی، نیگەرانی ئەوە بوو کە ئایا هاوڕێیەکەی چی نووسیوە. دواتر دەستی بە خوێندنەوە کرد، نووسرابوو: لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند لەدایک بووم، ژیانێکی خۆشگوزەرانم هەبوو، وە هاوڕێی باشیشم هەبوون و لە وانە خوێندن و لێکۆڵینەوەدا زۆر شێلگیر بووم. زۆر دڵخۆش بووم، بەڵام نیشاندانی خۆشحاڵی لە تێڕوانینی خانەوادەکەم قبوڵکراو نەبوو، خانەوادەکەم خوویان وابوو کە تەنیا وەکو پایەدارێک مامەڵە بکەن و خۆشحاڵی خۆیان بشارنەوە، منیش بەم شێوەیە پەروەردە کرام، فێری ئەوە بووم کە خۆشحاڵی خۆم دەرنەبڕم. لەگەڵ خانەوادەکەم بە جۆرێک مامەڵەم دەکرد و لەگەڵ کەسانی تریش بە جۆرێکی تر مامەڵەم دەکرد، توانیم کەسایەتی خۆم بکەم بە دوو بەش، بەشێکی باش و بەشێکی خراپ، بۆیە هەرگیز هەستم بە تاوان نەدەکرد کاتێک کارێکی نەشیاوم دەکرد، چونکە هەردوو کەسایەتیەکەم ڕاستەقینە بوون و خاوەن ویستی خۆیان بوون. ئەم حاڵەتەم تاکو تەمەنی بیست ساڵی بەردەوام بوو. دواتر لێکۆڵینەوەم دەربارەی کەرتبوونی کەسایەتی مرۆڤەکان کرد، گریمانەی ئەوەم دانا کە دەبێت هۆکارێکی کیمیایی ماقوڵ هەبێت تاکو مرۆڤەکان ئاوایان بەسەر بێت. بۆچی یەکێک قژی ڕەشە و ئەوەی تریش قژی زەردە؟ بۆچی کەسێک باڵا بەرزە و یەکێکی تریش کورتە باڵایە؟

بە دڵنیاییەوە دەبێت هۆکارێک هەبێت کە مرۆڤەکان لایەنێکی باش و خراپیان هەبێت.



بڕوایەکی تەواوم هەبوو کە مرۆڤ تەنها بریتی نییە لە یەک کەسایەتی، بەڵکو لە ڕاستیدا دوو کەسایەتییە. هەمو ڕۆژێک زیاتر لێی قوڵ دەبوومەوە، دەمزانی ڕۆژێک دادێت کە زانایان لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەمە دەکەن و بۆیان دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا ئێمە دوو کەسایەتیمان هەیە. دواتر گریمانەی ئەوەم دانا کە دەتوانرێت ئەو دوو کەسایەتیە لێک جیابکرێنەوە، ئایا ژیان ئاسانتر نابێت ئەگەر کەسایەتیە خراپەکە لە کەسایەتیە باشەکە جیا بکەینەوە؟
ئایا ئاسانتر نابێت ئەگەر هەردووکیان بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن؟ ئاشکرایە کە بوونی ئەو دوو کەسایەتییە لە یەک جەستەدا کە هەمیشە لە دژی یەک دەوەستن، ئازارێکی دەروونی زۆرمان دەدات.
بۆیە دواتر پرسیم: "ئایا چۆن دەتوانم ئەو دوو کەسایەتییە لێک جیا بکەمەوە؟"
باسی وردەکاریە زانستیەکان ناکەم، ئەویش بە هۆی دوو هۆکارەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە نامەوێت کەسانێک هەبن کە ئەم تاقیکردنەوەی من ئەنجام بدەن، نامهەوێت کەس ئازاری یەکتری بدات.
دووەمیش ئەوەیە کە ئەم تاقیکردنەوەیەم تەواو نییە، پاش خوێندنەوەی زیاتری ئەم نامەیە، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە مەبەستم چییە. دوای چەندین تاقیکردنەوە، تێکەڵەیەکی کیمیاییم داهێنا کە وامزانی لە ڕووی بنەماوە بێ کێشەیە. پێش ئەوەی تاقیکردنەوەکە ئەنجام بدەم، دەمزانی مەترسییەکی گەورەیە کە دەست لە دەرمانێک بدەم کاریگەری لەسەر بوون و کەسایەتیم هەبێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی دەمهەویست شتێکی تازە فێربم، ئەوا هەرچی ترسە فەرامۆشم کرد. خوێیەکی دیاریکراوم لە یەکێک لە کۆمپانیایەکان کڕی کە بە جوملە دەیفرۆشت. ئەو خوێیە پێویست بوو بۆ تاقیکردنەوەکەم.
شەوێکیان دەستم بە تاقیکردنەوەکە کرد، خوێ و مادده کیمیاییەکانم تێکەڵ کردن، کارلێک لە نێوانیاندا ڕوویدا بڵق و هەڵمیان لێ هەستا، مادده کیمیاییەکە بۆ چەندین جار ڕەنگی گۆڕا، تاکو لە کۆتاییدا ڕەنگی بوو بە سەوزی کاڵ، کە کارلێکەکە تەواو بوو، سەرەتا زۆر شپرزە بووم و نیگەرانی ئەوە بووم ئەگەر بیخۆمەوە ئەوا ڕووداوێکی نەخوازراوم بەسەردا دێت. بەڵام دواتر بوێری بە خۆم دا و خواردمەوە. پاش ساتێک لە خواردنەوەی، تووشی ئازار و نەخۆشییەک بووم کە هەرگیز لە ژیانمدا بەم شێوەیە تووشی نەبوو بووم، کەوتمە سەر زەوی و هاوارم دەکرد، زانیم کە زیانێکی زۆرم بە خۆم گەیاندووە. بەڵام پاش ماوەیەک ئازارەکەم لەپڕ وەستا، هەستم کرد کە زۆر چالاک بوومە، هەستم کرد کە دووبارە گەنج بوومەوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەستم بە شتێکی سەیر کرد، هەستم کە بوومە دڕندە، دڕندەیەک کە گرنگی بە کۆت و زنجیرەکانی کۆمەڵگا نادات. دواتر تێبینی شتێکی نامۆم کرد، تێبینی ئەوەم کرد کە بوومە باڵا کورت بۆتەوە و جلەکانم لەبەرمدا گەورە بوون، لەو ساتەوە بووم بە (ئێدوارد هاید).

## بەشی بیست و یەکەم: تێڕوانینێکی تازە

لە تاقیگەکە هیچ ئاوێنەیەکی لێ نەبوو، بۆیە چوومە دەرەوە تاکو ئاوێنەیەک بهێنم و لە نووسینگەکەمی دانێم، ویستم گۆڕانەکە ببینم. یەکەم شەو ناچار بووم بە دزی بچمە دەرەوە، چونکە دەمزانی ئەگەر خزمەتکارەکانم بمبینن، ئەوا بانگی پۆلیس دەکەن بۆ ئەوەی قۆڵبەستم بکەن. لە یەکێک لە شەقامەکان، لە لای دوکانێک بووم و لە ڕێی پەنجەرەکەوە ڕەنگدانەوەی خۆم بینی، بینیم کە ڕووخسارێکی ناشیرین و قێزەونم هەیە. گوتم دیارە کە لایەنی خراپەی مرۆڤ کاریگەریەکی زۆری لەسەر ڕووخسار هەیە، ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە ڕووخساری (هاید) وا قێزەونە. دیارە لایەنە خراپەکەم وەکو لایەنە باشەکەم گەشەی نەکردبوو، چونکە لەوەتەی بوونم هەبووە، ئەوا نەمهێشتووە ئەو لایەنە خراپە بێتە دەرەوە. کاتێک سەیری خۆم کرد، هەمان هەستی ئەو کەسانەم نەبوو کە چاویان بە (هاید) کەوتبوو، بە تۆشەوە، هەر کەسێک بەو ئاشنا بووبێت، ئەوا بێزی لێ کردۆتەوە و لێی ترساوە. چونکە خەڵک وا ڕاهاتوون کە کەسایەتیە باش و خراپەکە لە یەک جەستەدا ببینن، بەڵام (هاید) تەنیا یەک کەسایەتییە و هەموو بوونی ئەو بریتییە لە خراپە. دواتر بیرم لە شتێکی سامناک کردەوە، بیرم کردەوە چی ڕوو دەدات ئەگەر هەرگیز نەتوانم بۆ جەستەی خۆم بگەڕێمەوە؟ ڕاستەوخۆ گەڕامەوە بۆ تاقیگەکە و دووبارە ماددە کیمیاییەکانم تێکەڵ کردەوە و خواردمەوە، دووبارە بوومەوە بە (هێنری جێکل). دڵنیات دەکەمەوە کە نیەتی من پاک بووە، ئەوەی کردم تەنیا تاقیکردنەوەیەکی زانستی بوو، بەڵام کە بوونی بەڕێز (هاید)م بۆ ئاشکرا بوو، ئەوا نەمتوانی پشتگوێی بخەم، بۆیە بەردەوام بووم لە نێوان گۆڕانکاری خۆم و (هاید)دا. ئەم گۆڕانە بە شەو و ڕۆژێک ڕووی نەدا، بەڵکو هەر بەردەوام بووم لەسەر تاقیکردنەوەکەم، بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ هاوڕێکانم کۆ دەبوومەوە و ژیانی خۆم بەڕێ دەکرد. بەڵام بوونی (هاید) ئەمەی قورس کردبوو، چونکە هەنگاو بە هەنگاو بەهێزتر دەبوو و دەیهەویست زیاتر بێتە دەرەوە، ناچار بووم هاوڕێکانم پشتگوێ بخەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانم کەم بکەمەوە، (هاید)یش کە دەهاتە دەرەوە، ئەوا دەڕۆیشتە پاڵ دز و پیاو خراپەکان، ئەو شوێنەی کە شیاوی ئەو بوو. من، یاخود با بڵێم (هاید)، ئەو ژوورەمان بە کرێ گرت کە لە شەقامی " سوهو " بوو، کاتێک کارە خراپەکانی تەواو دەکرد، ئەوا دەڕۆیشت بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی پشوو بدات. دوای ئەوەی کە هەردوو کەسایەتیەکەمان بە تەواوی جیابۆوە، ئەوا هەستم بە ئاسوودەییەکی زۆر کرد، چونکە هەر کارێکی خراپ کە ئەو ئەنجامی دابێت، ئەوا هیچ پەیوەندی بە منی (جێکل)ەوە نەبوو، من بەرپرسیار نەبووم کە ئەو چی دەکرد. بەڵام بەو ڕاددەیەش بێ خەم نەبووم، چونکە هەمیشە پاشماوەی کارە خراپەکانی ئەوم پاک دەکردەوە. دڵنیام (ئێنفیڵد)ی کوڕە مامت باسی ڕووداوی ئەو شەوەی کچەکەی بۆ کردوویت، بۆ ئەوەی قەرەبووی بکەمەوە، ئەوا پارەیەکی زۆرم دا بە خانەوادەی کچەکە، دەزانم ئەمە دەروونی ئەوان وەکو خۆی لێ ناکاتەوە، بەڵام هەر ئەوەندەم پێ دەکرا.

## بەشی بیست و دوویەم و کۆتایی: بەڕێز (هاید)ی سەرکێش

دوو مانگ پێش ڕووداوی کوشتنی بەڕێز (دانفرز)، بەیانییەک لە ژوورەکەم لە خەو هەستام، کە هەستام هەستم بە شتێکی زۆر سەیر کرد، هەستم کرد کە شتێک لە جێی خۆی نییە، زۆرم بیرکردەوە، بەڵام نەمزانی چییە. دوای ماوەیەک دەستم بەرز کردەوە و تێبینیم کرد دەستم گۆڕاوە، ئەوە دەستی من نەبوو، بەڵکو دەستی (هاید) بوو. بۆ نزیکەی خولەکێک بە سەرسووڕماوییە سەیری دەستم کرد، دواتر هەستام و ڕۆیشتمە بەردەم ئاوێنە، کە خۆم بینی تووشی شۆک بووم. بوو بووم بە (هاید)! شەو کە هاتمەوە و چوومە سەر جێگا، وەکو (جێکڵ) چوومە سەر جێگا، بەڵام کە لە خەو هەستام، بوو بووم بە (هاید).

لە دڵی خۆمدا پرسیم کە چۆن ئەمە چارەسەر بکەم؟ بەم بەیانیە چۆن بچمە تاقیگەکە و دەرمانەکە بخۆم لە کاتێکدا هەموو خزمەتکارەکان لە خەو هەستاون؟ ناتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی بە حەوشەکەدا بڕۆم. دەمتوانی ڕووخسارم داپۆشم، بەڵام لەم کارە دەترسام، بۆیە بڕیارم دا کە بچمە دەرەوە، جلەکانم پۆشی و ڕۆیشتم. ئەوەی منی ڕزگار کرد ئەوە بوو کە خزمەتکارەکان بە هاتووچۆی (هاید) ڕاهاتبوون، بۆیە کێشەم بۆ پەیدا نەبوو، بەرەو تاقیگەکە ڕۆیشتم و (برادشۆ)ی خزمەتکاریش لە (هاید) ترسا، لای سەیر بوو کە بەم بەیانیە زووە (هاید) هاتووە. بەڵام هیچی نەگوت، بۆیە بە سەلامەتی بەرەو تاقیگەکە ڕۆیشتم و دواتر دەرمانەکەم خواردەوە. پاش چەند ساتێک بوومەوە بە (جێکڵ) و بە زەردەخەنەیەکەوە داوای نانی بەیانیم کرد



دەمزانی کە چیتر ناتوانم بەم شێوەیە بەردەوام بم، ڕۆژ بە ڕۆژ (هاید) بەهێزتر دەبوو، بێ ئەوەی دەرمانەکە بخۆم، ئەوا دەبووم بە (هاید)، دوای ماوەیەک دەرمانەکە کاریگەری پێشووی نەما، بۆیە ناچار دەبووم کە دەرمانەکە دوو هێندە بخۆمەوە و دواتریش کردم بە سێ هێندە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکی بەهێز بوونی (هاید)، ئەوا کۆنترۆڵم لەدەست دەدا و (هاید)ی خراپەکار مێشک و جەستەی داگیر دەکردم. ناچار بووم یەکێک لەو کەسایەتیانە هەڵبژێرم، ئەگەر (هاید) هەڵبژێرم ئەوا هەرچی هاوڕێمە لەدەستی دەدەم و لە لایان هەمووان نەفرەت لێکراو دەبم، ئەگەر (جێکڵ) هەڵبژێرم ئەوا چیتر وەکو جاران ئاسوودە نابم چونکە لەوانەیە دووچاری ئەوە ببمەوە کە کارێکی خراپ بکەم. دواتر بیرم کردەوە و (جێکڵ)م هەڵبژارد، چونکە دەمزانی بوونم بە (هاید) ئاکامێکی باشی نابێت.

بۆ ماوەی دوو مانگ دەرمانەکەم نەخوارد، ژیانێکی ئارامم لەو ماوەیەدا بەڕێ کرد، بەڵام شایەنی باسە کە ئەو ژوورەی لە شەقامی " سوهو " بە کرێم گرتبوو هەر مابوو، هەروەها پۆشاکی (هاید)یشم لە دۆڵابەکەمدا هێشتبۆوە. دوای ئەو دوو مانگە دووبارە دەستم کردەوە بە خواردنەوەی دەرمانە نەفرەتییەکە. زانیم کە (هاید) زۆر توڕەیە بەوەی کە ئەم هەموو ماوە زۆرە زیندانیم کردبوو، زانیم بە هاتنە دەرەوەی ئەو هەموو شتێک دەگۆڕدرێت، کاتێک دەرمانەکەم خواردەوە، ئەوا دووبارە بوومەوە بە (هاید).

شەوێکیان (هاید) بە توڕەییەکی زۆرەوە بە ڕێگادا دەڕۆیشت، بە ڕێکەوت بەڕێز (دانفرز)ی بینی، لە توڕەییان بەرچاوی تاریک بوو و بەڕێز (دانفرز)ی خەڵتانی خوێن کرد. هەڵەی من بوو کە (هاید) ئەو کارە قێزەونەی کرد، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە (جێکڵ) هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کە کەسێک بکوژێت. دوای ئەوەی بەڕێز (دانفرز)ی کوشت، (هاید) ڕایکرد بۆ شوقەکەی، هەرچی تۆمار هەیبوو هەمووی سووتاند بۆ ئەوەی لە دوای خۆی بەڵگە جێنەهێڵێت. دوای ئەم ڕووداوە، (هاید) بیری لە ئەنجامدانی تاوانی تر دەکردەوە، زۆر لێی ترسام بەوەی کە ئێستا کەسێکی کوشتووە و دواتر یەکێکی تریش بکوژێتەوە.

دوای ئەمە، ڕۆیشتم بۆ ئەوەی دەرمانەکە بخۆمەوە، دووبارە بوومەوە بە (جێکڵ)، دواتر لە خودا پاڕامەوە و داوای لێخۆش بوونم کرد، بەڵێنم دا کە هەرگیز جارێکی تر ڕێگا نادەم (هاید) بێتە دەرەوە. بۆ ئەوەی دڵنیابم کە جارێکی تر (هاید) ناگەڕێتەوە، ئەوا دەرگای دەرەوەی تاقیگەکەم داخست و کلیلەکەشم شکاند. بەیانی کە لە خەو هەستام، تووشی شۆک بووم کاتێک بیستم ئەوەی (هاید) کوشتوویەتی بەڕێز (دانفرز) بووە.

ئەو شەوە (هاید) بە تەواوی کۆنترۆڵی جەستەمی کردبوو و (جێکڵ)ی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆی. بەڵێنم دا کە لەمەودوا ژیانێکی شکۆمەندانە بژیم، بۆیە دەستم کردەوە بە کاری خێرخوازی و زیاتر سەردانی کڵێسام دەکرد و لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانیشم کۆ دەبوومەوە، لام موعجیزە بوو کە دووبارە توانیم ژیانێکی ئاسایی بەدەست بهێنمەوە، نەمدەزانی کە ئەمە زۆر ناخایەنێت.

ڕۆژێکیان لە حەوشەکە لە ژێر ڕۆشنایی خۆر دانیشتم و گوێم لە دەنگی چۆلەکەکان بوو کە ئاوازیان دەگوت و هەروەها گوێبیستی چەند منداڵێک بووم کە یاریان دەکرد. دوای چەند ساتێک هەستم بە شتێکی سەیر کرد، هەستم کرد کە ڕق و کینەیەکی زۆر داگیری کردووم و تووشی تایەکی بەرز بووم، خەریک بوو لە هۆش خۆم بچم، دوای چەند ساتێک سەیری خۆم کرد و بینیم کە بووم بە (هاید). دواتر بڕیارم دا کە بڕۆم، چونکە (هاید) لە لایان پۆلیسەوە بە تۆمەتی کوشتنی (دانفرز) داواکراو بوو و سەلامەت نەدەبووم ئەگەر بمێنمەوە، ویستم بڕۆمە تاقیگەکە و دەرمانەکە بهێنم، بەڵام نەمدەتوانی، چونکە ئەگەر ئێستا بچمە ژوورەوە، ئەوا (پۆڵ) ڕادەستی پۆلیسم دەکات، ناشتوانم لە ڕێگای دەرگای تاقیگەکەوە بچمەوە ژوورەوە، چونکە دەرگایەکەم داخست و کلیلەکەشم شکاندبوو. دواتر بیرم لەوە کردەوە کە (لانیۆن) یارمەتیم دەدات، بۆیە ئەو شەوە نامەم بۆ نارد و داوای یارمەتیم لێ کرد، پێویست ناکات چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە، چونکە دڵنیام (لانیۆن) هەموو شتێکی بۆ باس کردوویت.

دواتر کە (لانیۆن) منی بینی، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە تووڕە بێت، نەوەکو بتۆقێت. بۆیە هەرگیز لە خۆم خۆش نابم بەوەی کە من بوومە هۆی ئەوەی تووشی شۆک بێت و بمرێت. من بە هۆی ئەوە تەنیا لە پۆلیس نەدەترسام، بەڵکو لەوەش دەترسام کە (هاید) بە تەواوی کۆنترۆڵم بکات. بۆ ماوەیەکی زۆر دەرمانەکەم دەخوارد و دەبوومەوە (جێکڵ)، پاش شەش کاتژمێر دووبارە دەبوومەوە (هاید).

بۆیە ناچار دەبووم کە دەرمانەکە بکەمە دوو هێندە، بەڵام دەرمانەکە چیتر سوودی نەمابوو. هەر کاتێک خەوتبام و هەستابامەوە لە خەو، ئەوا دەبوومەوە بە (هاید). (هاید) وردە وردە بەهێز دەبوو و دەستی دەکرد بە کۆنترۆڵکردنی جەستەم.

دەرمانەکەم کاریگەری جارانی نەمابوو، وامزانی کێشە لەو خوێیەدایە کە بەکاری دەهێنم، وامزانی کوالێتی باش نییە، بۆیە داوای خوێم لەو نۆرینگانە دەکرد، هەمیشە جەختم لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کوالێتییەکی بەرزی هەبێت، بەڵام دەمگوت ئەمە کوالێتی بەرز نییە، بۆیە دەمگەڕاندەوە، بەڵام لە ڕاستیدا خوێیەکە کێشەی نەبوو، بەڵکو یەکێک لە ماددەکان لە ڕووی کارلێکەوە چالاکی نەمابوو، بۆیە دەرمانەکەش سوودی نەمابوو.

ماوەی حەفتەیەکە لە ژێر کاریگەری دەرمانەکە ئەم نامەیە دەنووسم، ئەمە لەوانەیە کۆتا جار بێت کە ڕێگە بدرێت (جێکڵ) لە کۆنترۆڵدا بێت، ئەگەر کۆنترۆڵ لەدەست بدەم و (هاید) بێتە دەرەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەم نامەیە دەدڕێنێت. ئەمە ساتە مەرگی منە، ئەگەر ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە، ئەوا بزانە کە کۆتاییم بە ژیانی نەفرەتی خۆم هێناوە.

هیوادارم خودا لێم خۆش بێت. (دکتۆر هێنری جێکڵ)

پشت و پەنا بە خودا، کۆتاییمان بەم چیرۆکە هێنا لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ بۆ ئەوەی لەگەڵ دەروونی خۆی و دەوروبەری ئاسوودە بێت، ئەوا پێویستە لەگەڵ سروشتی و بوونیاتی خۆی ڕاستگۆ بێت. ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤی خراپ یان باش بوونی نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە کە ئەوە دیاری کە ئایا ئێمە باشین یان خراپین، ئەویش بە پێی ئەو بڕیارانەی کە دەیاندەین. هەرگیز نابێت خۆمان هەڵخەڵەتێنین و کەسایەتی و سروشتی خۆمان لەپێناو کەسانی تردا بگۆڕین. هەمیشە پێویستە سوپاس و ستایشی خودا بکەین بەوەی کە بۆی دیاری کردووین، ئاسوودەیی و دەروونی مرۆڤ، لە ڕازی بوون و خۆشەویستی خودا سەرچاوە دەگرێت. هەرگیز خودا لەبیر مەکە، چونکە ئەو هەرگیز تۆ لەبیر ناکات.